دابینکردنی مافە نەتەوایەتییەکانی گەلی کورد لە چوارچێوەی ئێرانێکی دێموکراتیکی فێدراڵدا

# کوردستان

ئۆرگانی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران

ژمارە ٦٩٥ ،شەممە٣٠ی ڕێبەندانی ١٣٩٥ی هەتاوی،١٨ی فێوریەی ٢٠١٧

www.kurdistanmedia.com

● ڕاگەیەندراوی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران سەبارەت بە کۆچی دوایی کاک عەبدولڕەزا کەریمی ل٢

● مستەفا هیجری پەیامێکی بۆ کۆنفرانسی نێونەتەوەیی مۆسکۆ بەڕێ کرد ل٣

● پۆلێک لە لاوانی ڕۆژهەڵات پەیوەست بە هێزی پێشمەرگەی کوردستان بوون ل٣



نیشانەناسیی ڕاسان وەک شەڕی نوێ ٤



یەکیەتیی لاوان، وەک یەکەم ڕێکخراوی... ٦




فرۆشتنی منداڵان، فرۆشتنی بەشێک لە ژیان ٧




ئاستەنگەکانی بەردەم سەربەخۆیی باشووری کوردستان ٩

# کوردستان پشتیوانی لە ڕاپەڕینی ئەحواز دەکات



حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە ڕاگەیەندراوێکدا، پشتگیریی خۆی لە ڕاپەڕینی نارەزایەتیی نەتەوەی عەرەب لە ئێران دەربڕی.

لە پەیامێکدا کە دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، ڕۆژی هەینی ٢٩ی ڕێبەندانی ١٣٩٥ی هەتاوی بڵاوی کردەوە، هاتووە کە؛ "حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران وێڕای مەحکووم کردنی سیاسەتی هەڵاواردن و ماف پێشێلکردنی نەتەوەی عەرەب و نەتەوەکانی دیکە لە ئێران و بایەخ نەدانی ڕێژیم بە ژیان و گوزەران و خزمەتگوزارییەکانی خەڵکی ناوچەکان، پشتیوانیی هەمەلایەنەی خۆی لە دەنگی مافخوازی ڕۆڵەکانی نەتەوەی عەرەب لە ئەهواز دەردەبڕێ و هاوخەمی لەگەڵ بنەماڵەی گیان لەدەستداوەکە دەکا و چاکبوونەوەی هەرچی زووتری بریندارەکان بە ئاوات دەخوازێ".

لەبەشێکی دیکەی ڕاگەیەندراوەکەدا، حیزبی دێموکرات دەپەرژێتە سەر ئەوەیکە؛ "دیارە بێدەنگی لە بەرانبەر سەرکوتی ڕۆڵەکانی نەتەوەی عەرەب لە ئێران، دەستی ڕێژیم و هێزە سەرکوتکەرەکانی لە درێژەدان بەم سیاسەتە دژی گەلییانە ئاوالاتر دەکا، بە پێچەوانەوە پشتیوانی و هاودەنگی لەگەڵ ئەم حەرەکەتانە و یەکگرتوویی نەتەوەکانی ئێران دەتوانێ ڕێژیم بە چۆکدا بێنێ و پاشەکشە بە سیاسەتە دژی ئینسانییەکانی بکا".

هاوکات، ڕۆژی هەینی شارۆمەندانی ئەحوازی سەرەڕای هەڕەش و گوشارەکانی ڕێژیم، پێنجەمین کۆبوونەوەی نارەزایەتیی خۆیان لەبەرانبەر ئوستانداریی ئەحوازدا بەڕێوەبرد. بەهۆی کاریگەریی ئەم نارەزایەتی دەربڕینە خەڵکییە و ترسی ڕێژیم لە پەرەسەندن و تەشەنە کردنی بۆ دیکەی ناوچەکانی نەتەوە ستەملێکراوەکانی ئێران، ڕاگەیاندنە حکومەتییەکان، لەژێر کاریگەریی و باندۆری گوشارەکانی خەڵکدا، هەواڵی لەسەرکار لادانی دوو کاربەدەست و بەرپرسی ئەو پارێزگایەیان، ڕاگەیاند.

بەپێی ڕاپۆرتی هەواڵدەریی حکوومەتیی "ایرنا"، دوابەدوای ڕووداوەکانی ڕۆژانی ڕابردوو، "هاشم بالدی"، بەڕێوەبەری گشتیی بەڕێوەبەرایەتیی قەیرانی ئوستانداری، و "شەهریار بەزرکار"، بەڕێوەبەری گشتیی سەرچاوە سروشتییەکانی خووزستان، لەسەر کار و بەرپرسایەتییەکانیان لادراون.

شەوی چوارشەممەی ڕابردوو ٢٦ی ڕێبەندان، "حسێن شەریفی" فەرماندەی ئیدارەی ئیتلاعاتی هێزی ئینتیزامیی ڕێژیم لە شاری خەلفیە (ڕامشیر)، لەگەڵ بەرپرسێکی دیکەی پۆلیس هێرشیان کردۆتە سەر زەماوەندێک و ڕێگرییان لە شایی و داوەتی خەڵکی عەرەب کردووە.

بە وتەی چالاکانی عەرەب، ناوبراو بە تەقەکردن و تۆقاندنی خەڵک هەوڵی داوە شاییەکە تێک بدات کە بەرەوڕووی نارەزایەتیی بەشداربووانی بۆنەکە بووەتەوە و لەئاکامدا تێکهەڵچوونی نێوان خەڵک و هێزە حکوومەتییەکانی لێ کەوتۆتەوە.

پاش ئەم ڕووداوانە، خەڵکی عەرەب لە شارە جیاوازەکان و لەوانە ئەحواز، فەللاحیە. خەلفییە، مەعشوور و زۆرێک لە ناوچەکانی دیکەی عەرەبستانی ئێران ڕژانە سەر شەقامەکان و لەدژی زوڵم و نادادپەروەریی ڕێژیم نارەزایەتییان دەربڕی. بەردەوامیی ئەم ڕاپەڕینە لەو ڕۆژانەی دواییدا، ڕێژیمی تۆقاندووە، وەها کە هێزێکی بەرچاوی سەرکوتکەری زیاتری لە شارەکانی ئێرانەوە بۆ ئەحواز بەڕێ کردووە.

بەهۆی توندوتیژیی مەئموورەکانی ڕێژیم، تائێستا لانیکەم لە فەللاحییە(شادگان)، هاووڵاتییەکی عەرەب بە ناوی "حەسەن ئالبوغەبیش" کوژراوە و "حسێن شەریفی" فەرماندەی شەرئاشۆ و دژەگەلیی ئیدارەی ئیتلاعاتی هێزی ئینتیزامی خەلفییەش بەسزای تاوانەکانی گەییشتووە و کوژراوە.

## پەیڤ

### ڕاسان و خەباتی مەدەنی

**کەریم پەرویزی**

لە نێو هەر گەل و نەتەوەیەکدا، ئاوات و خولیا و ویستەکان، دەبنە هاندەر و هۆکار بۆ جووڵە و بزاوتن، و گرووپ و توێژێ جیاواز لە پێناو ئەو ئاواتانەدا وەگەڕ دەکەون. ڕاسانی ڕۆژهەڵات بە ڕوانینێکی ورد و لە سەر بنەمای گرینگیدانی پڕ واتا بە خەباتی شار کە یەکێک لە شێوازەکانی خەباتی شار، خەباتی مەدەنیە، دەیەوێ هێزی پەنگخواردووی خولیا و ئاواتەکانی کورد لە ڕۆژهەڵاتدا بکا بە هێزی وەگەڕکەوتوو.

بەڵام بزاوتن و چالاکی لە نێو شاردا تەنیا یەک شێواز و یەک میکانیزمی نیە و خەباتی مەدەنی یەکێک لە ڕێگاکانی خەباتی شارە و لەو بوارەشدا هەندێک جار چالاکیی مەدەنی و خەباتی مەدەنی تێکەڵ دەکرێن یان لە ڕاستیدا ناوی خەباتی مەدەنی لە سەر چالاکیی مەدەنی دادەنرێ.

ڕوونبوونەوەی زۆرتری بابەتەکە ئەو کاتە پێویستتر خۆی دەنوێنێ کە لە هەندێک کار و چالاکیی مەدەنیدا، پێداهەڵگوتنێکی زۆر لەڕادەبەدەر لە لایەن کەس یان کەسان و لایەنی دیار و نادیارەوە دێتە ئاراوە و بەو شێوەیە دەیانەوێ لە نێو ڕای گشتیدا وەها جێ بخەن کە خەباتی مەدەنی ئەو چالاکیە مەدەنییە و لە ڕاستیدا ئاستی خەبات ئەوەندە بهێنرێتە خوار کە هیچ مەترسییەکی بۆ ڕێژیم نەبێ!

چالاکیی مەدەنی، بریتییە لەو کار و هەنگاوانەی بە شێوەی تاک بێ یان گرووپ کە لەلایەن خەڵکی ئاسایی و مەدەنییەوە بەڕێوە دەچن، و لە چوارچێوەی یاسا و ڕێوشوێنەکانی سیستمی زاڵدا ڕێگایان پێ دەدەرێ و زۆرتر ئامانجێکی کورتخایەن و ویستێکی سینفی یان کۆمەڵایەتییان هەیە. بەڵام خەباتی مەدەنی بریتییە لەو کردار و هەنگاوانەی کە لە لایەن تاک یان گرووپەکانی نێو کۆمەڵگاوە بەڕێوە دەچن و ئامانجێکی فراوانتر و دژ بە یاسایەکی سیستمی زاڵ ئەنجام دەدرێن.

لە ڕاستیدا ئەوەی کە چالاکییەکی مەدەنی دەکا بە خەباتی مەدەنی، دژ بە یاسابوونە. بەو مانایە کە چالاکییەک بۆ ئەوەی نێوی خەباتی لێ بنرێ دەبێ دژایەتی یاسایەک لە نێو یاساکانی سیستمی زاڵدا بکا. دەنا گەر هەر لە چوارچێوەی سیستمی زاڵدا بێ و هیچ یاسایەک نەکا بە ئامانج، تەنیا چلاکییەکی

درێژە لە لاپەڕەی٣

# سعوودی: وڵاتێک کە داڵدەی ئەلقاعیدەی دا، دوور نییە داڵدەی داعشیش بدات



سەرلەشکر مەنسوورئەلتورکی، وتەبێژی وەزارەتی نێوخۆی عەرەبستانی سعوودی، وێڕای ئەماژەدانێکی لابەلا بە ڕێژیمی ئێران، گوتی: "وڵاتانێک کە داڵدەی ئەندامان و هەندێ لە ڕێبەرانی ئەلقاعیدەیان دابوو، دوور نییە لە داهاتوویەکی نزیکدا پێشوازیی لەو ئەندامانەی داعش بکەن کە بەهۆی هێرشە قورسەکانی هێزەکانی هاوپەیمانانی نێونەتەوەیی، بەرەبەرە لە عێراق و سوورییە ڕادەکەن و ئەوانیش داڵدە بدەن".

بەپێی ڕاپۆرتی ئەلعەرەبیە، پێنجشەممەشەوی ١٦ی فێوریە، مەنسوورئەلتورکی لە پرێس کۆنفرانسێکدا کە سەبارەت بە لێکهەڵوەشانی چوار هەستەی تێرۆریستی و بەستراوە بە داعش بەڕیوەچوو، گوتی: "تۆڕە کۆمەڵایەتییەکانی سەر بەم گرووپە تێرۆریستییە بەمەبەستی ڕاکێشانی خەڵک، هەردەم لەچالاکیدان، چ لە عێراقدا بن و چ لە سوورییە. نیگەرانیی ئێمە لەو تۆڕە کۆمەڵایەتییانە نییە، ئێمە زیاتر لەو وڵاتانە نیگەرانین کە پێشتر داڵدەی ڕێبەران و ئەندامانی ئەلقاعیدەیان داوە و میوانداریان کردوون. نیگەرانی ئەوەین کە هەمیسان ئەم وڵاتانە داڵدەی ڕێبەران و ئەندامانی داعش بدەن و پێشوازییان لێ بکەن و تەناهی و سەقامگیریی ناوچەکە و جیهان بخەنە مەترسییەوە".

شایانی باسە ڕێژیمی ئێران لەو چەند ساڵەی دواییدا داڵدەی هەندێ لە ئەندامان و ڕیبەرانی ئەلقاعیدە، لەوانە بنەماڵەی بێن لادەن و جێگرەکەی واتە "زەواهێری"ی داوە. پشتگیری کردن و داڵدەدانی ڕێبەرانی ئەلقاعیدە لەلایەن تارانەوە، پاش کوژرانی بێن لادەن لە "ئەبووت ئاباد"ی پاکستان و دەستبەسەرداگرتنی چەندین بەڵگەنامە لە ماڵەکەیدا و لە کامپیوتێرەکەیدا ئاشکرا بوو.

بێن لادەن لە نامەگەلێکدا کە بۆ ڕێبەرانی ئەو گرووپەی نووسیبوو، ئاماژەی بە هاوکاری و پشتگیریی کۆماری ئیسلامیی ئێران و داڵدەدانی ڕێبەرانی ئەو گرووپە کردووە.

بەپێی نێوەرۆکی نامە بەڕێکراوەکانی بێن لادەن، ئێران نەک هەر داڵدەی منداڵان و هاوسەرەکانی بێن لادەنی داوە، بەڵکوو داڵدەی "ناسر ئەلوەحیشی"، یەکێک لە مەترسیدارترین ڕێبەرانی ئەلقاعیدە لە یەمەنیشی دابوو. هەروەها "سەیفولعەدل" جێگری یەکەمی "ئەیمەن ئەلزەواهێری" و "یاسین ئەلسووری" کە ئامریکا بڕی ١٠ میلیۆن دۆلار پاداشتی بۆ بەدەستەوەدانی ناوبراو دیاری کردووە، هەردووکیان لە ئێران بوون.

لە دیکەی ڕێبەرانی ئەلقاعیدە کە لە ئێران داڵدە درابوون، ئەبوو مەسعەب ئەلزەرقاوی، ئەبوو فەحس ئەلمووریتانی، ڕەمزی بێن شێیبە ڕێکخەری عەمەلیاتی تێرۆریستیی ١١ی سێپتامبر لە ساڵی ٢٠٠١ی زایینیی لە ئامریکا بوو.

هەروەها سولەیمان ئەبوو ئەلغەیس، وتەبێژی فەرمیی ئەلقاعیدە، ساڵح ئەلقرعاوی کە فەرماندەیی گوردانە تێرۆریستییەکانی "عەبدوڵڵا عەزام"ی لەئەستۆ بوو و "عەتییە عەبدولڕەحمان ئەللیبی" کە سەرپەرشتیاریی گواستنەوەی بنەماڵەی بێن لادەن لە ئێرانەوە تا پاکستانی لە ئەستۆ گرت و ڕێژەیەکی دیکە لە ڕێبەرانی دیار و ناسراوی ئەلقاعیدە، کە لە ڕابردوو و ئێستاشدا، لە ئێران داڵدە دراون.

بەپێی ڕاپۆرتی ڕۆژنامەی ئامریکایی "فارین ئەفیرز"، پەیوەندیی ئێران و ئەلقاعیدە بۆ ساڵی ٢٠٠١ دەگەڕێتەوە. ئەو کاتەی کە ئامریکا ئەفغانستانی داگیر کرد و حکوومەتی تاڵەبانی ڕووخاند، زۆربەی ڕێبەرانی ئەلقاعیدە لە ئاستی بەرزدا، کە لە ئەفغانستان دەژیان، پەنایان بردە بەر ئێران و لە لایەن ڕێژیمی ئێرانەوە پشتگیری لە چالاکییە تێرۆریستییەکانیان کرا.

# ڕاگەیەندراوی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران سەبارەت بە کۆچی دوایی کاک عەبدولڕەزا کەریمی



بەداخ و کەسەرێکی زۆرەوە ڕادەگەیەنین کە ڕۆژی دووشەممە ڕێکەوتی ٢٥ی ڕێبەندانی ١٣٩٥ی هەتاوی بەرانبەر بە ١٣ی فێوریەی ٢٠١٧ی زایینی هاوڕێ عەبدولڕەزا کەریمی تێکۆشەری دێرین و کادری بەوەجی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بە دوای نەخۆشییەکی درێژخایەن، لە ئەیالەتی بادن بادن لە شاری هایدێلبێرگ لە وڵاتی ئاڵمان کۆچی دوایی و ماڵئاوایی لە هاوڕێ و خزم و دۆستانی کرد و خەبات لە پێناو ئازادی و ڕزگاریی کورددا بە هەڤاڵان و هاوسەنگەرانی ئەسپارد.

هاوڕێ عەبدولڕەزا کەریمی کوڕی "محەممەدعەلی" لەدایکبووی ساڵی ١٣٢٠ی هەتاوی لە شاری کرماشان بوو، خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی تا ڕادەی دیپلۆم لە پارێزگای کرماشان تەواو کرد و دواتر بۆ درێژەی خوێندن چووە شاری ئیسفەهان و لە بەشی مێژوودا لیسانسی وەرگرت و کاری دەبیری و مامۆستایەتی لە شاری مەریوان دەست پێکرد. لە پەنای ئەرکی مامۆستایەتیدا دەوری شیاوی لە ڕوونکردنەوەی بیروڕای گشتی و قوتابیان و زیاتر ئاشناکردنیان بە ماف و ئازادییەکانیان و خەبات دژ بە ڕێژیمی پاشایەتی گێڕا و بە ڕاشکاوی تێکەڵاوی کار و چالاکیی سیاسی بوو.

سەرەتا تێکۆشانی لە ڕیزی ڕێکخراوی چریکە فیداییەکانی خەڵکی ئێران دەستپێکرد و پاش ئینشعاب لەو ڕێکخراوەیەدا، کاک عەبدولڕەزا کەریمی بەرپرسایەتی لقی کوردستانی بەشی ئەقەلییەتی ئەو ڕێکخراوەیەی وەئەستۆ گرت و هەر لەو کاتەشدا بۆ پەرەپێدانی هەستی نەتەوایەتی کورد دەوری بەرچاوی گێڕا. تا سەرئەنجام ساڵی ١٣٦١ی هەتاوی هاتە ڕیزی تێکۆشەرانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و لە ئاستی ئەندامەتی هەیئەتی ئیجرایی کۆمیتەی حیزب لە ناوچەکانی هەورامان و جوانڕۆ ئەرکی وەئەستۆ گرت و پاشان وەک یەکێک لە دامەزرێنەرانی کۆمیتەی حیزب لە دالاهۆ دەوری بەرچاوی گێڕا.

بەهۆی ئەو کار و تێکۆشانە لێبڕاوانەیەی هاوڕێ عەبدولڕەزا کەریمی بوو کە ساڵی ١٣٧٩ی هەتاوی وەک ئەندامی ڕاوێژکاری کۆمیتەی ناوەندی هەڵبژێردرا. هاوڕێ عەبدولڕەزا کەریمی بەهۆی باری نالەباری جەستەیی، بە موافقەتی حیزب لە دەرەوەی وڵات و لە ئاڵمان درێژەی بە ژیان و تێکۆشانی دا و وەک نوێنەری پێوەندییەکانی حیزب و ڕاوێژکاری سکرتێری گشتی لە پێوەندی لەگەڵ کاروباری ئۆپۆزیسیونی ئێرانی درێژەی بە بەجێهێنانی ئەرکەکانی دا، و لە زۆربەی کۆڕ و کۆبوونەوەکانی ئۆپۆزیسیونی ئێرانیدا بەشدار و لەسەر سیاسەت و هەڵوێستەکانی حیزب پێداگر بوو.

جیا لەوە هاوڕێ عەبدولڕەزا کەریمی لە بواری کاری ڕاگەیاندندا و بەتایبەت لە بەرنامەکانی تەلەویزیۆنی تیشکدا بە زاراوەی کوردیی کەلهوڕی و بە زمانی فارسی، سەرچاوەی خزمەتێکی بەرچاو بوو.

هاوڕێ عەبدولڕەزا کەریمی ڕۆڵەی بنەماڵەیەکی تێکۆشەری ناوداری کرماشان بوو کە لە سەردەمی مەشروتییەت باب و مامەکانی دەوری شوێندانەریان هەبووە، هەر بۆیەش هاوڕێ عەبدولڕەزا سەرەڕای هەموو تێکۆشەری و چالاکییە سیاسییەکانی خۆی وەک سیمای ناسراوی بنەماڵەیەکی ناوداری کرماشان و درێژەپێدەری ڕێبازە سیاسییەکەی ئەو بنەماڵە لە کرماشان سەیری دەکرا.

کۆچی دوایی هاوڕێی تێکۆشەر کاک عەبدولڕەزا کەریمی ناسراو بە "کاک ئەبوو" بۆ هەموو تێکۆشەرانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران جێگای داخ و کەسەرێکی گەورە و بۆ بزووتنەوەی دێموکراسیخوازی و مافخوازیی نەتەوەکانی ئێران بە گشتی و بزووتنەوەی کورد بەتایبەتی خەسارێکی گەورە بوو.

دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران وێڕای بەداخ بوون بۆ لەدەستچوونی ئەو هاوڕێ تێکۆشەرەی حیزب و نەتەوەکەمان، پرسە و سەرەخۆشی لە هەموو هاوڕێ و هاوسەنگەران و بنەماڵە نیشتمانپەروەرەکەی کاک عەبدولڕەزا کەریمی و خەڵکی دەوەری کرماشان دەکات و خۆی بە بەشداری خەم و پەژارەی هەموو لایەک دەزانێ.

هەزاران سڵاو لە گیانی پاکی کاک عەبدولڕەزا کەریمی و هەموو شەهیدانی کوردستان و ڕێگا و ڕێبازی ئازادیخوازانەیان پڕ ڕێبوار بێ.

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران
دەفتەری سیاسی
٢٥ی ڕێبەندانی ١٣٩٥ی هەتاوی ١٣ی فێوریەی ٢٠١٧ی زایینی

# بەیاننامەی هاوبەش بە بۆنەی ڕۆژی جیهانیی زمانی دایک

خەڵکی مافخوازی کوردستان چین و توێژە ئازادیخواز و ڕۆڵە نیشتمانپەروەرەکانی کوردستان ڕۆژی ٣ی ڕەشەمەی ١٣٩٥ی هەتاوی، بەرانبەر بە (٢٠١٧/٢/٢١)ی هەموو ساڵێک، بە ڕۆژی جیهانیی زمانی دایکی، یان زگماکی ناودێر کراوە و لەنێو گەل و نەتەوەکانی جیهاندا بە شێوازی جۆراوجۆر یادی دەکرێتەوە.

دوای ئەوەی لەسەر پێشنیاری وڵاتی بەنگلادێش، ڕێکخراوی فێرکاری، زانستی و فەرهەنگیی نەتەوە یەکگرتووەکان (یونسکۆ) ئەو ڕۆژەی وەک ڕۆژی جیهانیی زمانی دایک پەسەند کرد، لە چەندین بەڵگەنامەی نێونەتەوەییشدا ئەم پرسە جەختی لەسەر کراوەتەوە، لەوانە: ڕاگەیەندراوی جیهانیی مافەکانی مرۆڤ پەسەندکراوی میساقی نێونەتەوەیی مافە مەدەنی و سیاسییەکان، کۆنوانسیۆنی نەهێشتنی هەڵاواردن لە سیستمی پەروەردە و فێرکاری، کۆنوانسیۆنی مافەکانی منداڵان، کۆنوانسیۆنی نێونەتەوەیی لابردنی هەرچەشنە هەڵاواردنێکی نژادی، ڕاگەیەندراوی مافی کەمینە مەزهەبی، نەتەوەیی، ئێتنیکی و زمانییەکان و ڕاگەیەندراوی جیهانیی مافەکانی زمان.

مرۆڤ، بوونەوەرێکی شوناسخوازە. لەم نێوەدا زمان پێگەیەکی تایبەتی هەیە. زمان پڕڕەنگترین نوێنگەی شوناسی مرۆڤە. مرۆڤ بە ڕێگەی زمان،ژیان وشوناسی خۆی و دەورووبەر مانا دەکاتەوە. زمانی دایکی، نە تەنیا زمانی ئاخاوتنە، بەڵکوو زمانی عاتیفە، زمانی هەست و بیرکردنەوەی مرۆڤەکانە.

ئێران لە ڕووی پێکهاتەی زمانی، نەتەوەیی، ئایینی و کولتوورییەوە وڵاتێکی فرەچەشن و فرە نەتەوەیە. بە فەرمی نەناسینی مافی خوێندن بە زمانی دایکی بۆ ئەم نەتەوانە، لە ڕووی دەروونی، پەروەردە، کولتووری و زمانییەوە کۆمەڵێک زیانی بەدواوە بووە. لەم ڕەهەندەوە، لێکدانەوە و خوێندنەوەی ئیدئۆلۆژیک و سیاسی لە لایەن دەسەڵاتدارانەوە، ئەم مافەی بەرەو ئاقارێکی دیکە بردووە. سیستمە شوینیستییەکان، شوناسی خۆیان بە زمانی باڵادەست تێکەڵکێش کردووە و وەک ئامرازێک بۆ سەرکوت و پەراوێزخستنی زمانی نەتەوەکانی دیکە بەکاریان هێناوە، واتە دەسەڵات، باڵا دەستیی خۆی لەم ڕێگەوە سەپاندووە. دەسەڵاتداران لە پەیوەندی لەگەڵ مافی زمانی و مافەکانی دیکەی پێکهاتەکانی ئێران، کۆمەڵێک پاساو و هۆکار دێننەوە کە لە بنەڕەتدا بەلاڕێدا بردنی واقعی کێشەکەیە. بۆ نموونە بەکارهێنانی چەمکی کەمینە و وردە فەرهەنگەکان. بە تەواوی ئاشکرایە کە کۆی کەمینەکان(نەتەوە ژێردەستەکان)، زۆرینەی دانیشتوانی ئەم وڵاتە پێکدێنن، لە کاتێکدا لە کەمترین مافەکانیان بێبەشن. ئەم چەمکانە لە سەربنەمای هەڵاواردن و بە فەرمی نەناسینی جیاوازییەکان و نکۆڵی کردن لە مافە سروشتی و سیاسیەکانی سەرجەم پێکهاتە نەتەوەیی، زمانی و ئایینیەکانی ئەم وڵاتە بنیات نراوە. ئەمەش ڕاستەوخۆ دەکەوێتە چوارچێوەی سەرکوتێکی سیستماتیکەوە کە لایەنێکی یاسایی پێدراوە.

لە ڕوانگەی دەسەڵاتدارانەوە، زمانی دایکییش هەڕەشەیە بۆ سەر بەرژەوەندیی نەتەوەیی، یەکپارچەیی خاک و لە هەمانکاتدا، سەرەتا و بیانوویەکە بۆ جیابوونەوە و سەربەخۆییخوازی. هەر بۆیە پێیان وایە کە ئەم چەمکە فەرمییانە دەبێت کۆڵەکە سەرەکییەکانی "شوناسی ڕەسەنی" ئێرانی بن. لایەنگرانی سیاسەتی تاک زمانی، بریتین لە ئەو کەسایەتی، ڕەوت و لایەنانە کە تەنها خاڵی هاوبەشیان، ڕەنگە هەمان زەروورەتی پاراستنی پێگەی پاوانخوازانەی زمانی نەتەوەی باڵادەست بێت. ئەمە لە هەمانکاتدا بووەتە هۆی بەکەم گرتنی زانست و ئەدەب و کولتووری نەتەوەکانی دیکە و بۆ بێبایەخ کردن و تواندنەوەیان، سیاسەتی لەم شێوەیەیان گرتووەتەبەر. لە ڕاستیدا ئەمە بنەمای فکری، سیاسی و ئیدئۆلۆژیی دەسەڵاتدارانی ئێران و ڕەوتە بێدەسەڵات و هاوبیرەکانیان بووە بە درێژایی مێژوو تا دەگاتە ئێستا.

ئەم جۆرە ڕوانین و سیاسەتە، بە کردەوە گورزێکی مەترسیداری لە پێکهاتەی فرەچەشن و ڕەنگاڵەی ئێران داوە و مەترسیی لەنێوچوون و پەراوێز خستنی شوناسی نەتەوەیی نەتەوەکانی دیکەی بەدواوە بوو. بەڵام، بێتوانایی و لاوازیی پێکهاتەیی سیستمی سیاسی لە بەرەوپێشبردنی ڕەوتی یەکسانسازی و ئاسیمیلاسیۆنی فەرهەنگی و زمانی، هۆکاری سەرنەکەوتنی بووە.

ئەم ئیدیعایە کە بەفەرمی ناسینی زمانە غەیرە فارسییەکان، دەبێتە هۆی بەهێزبوونی ویست و ئۆگری بە جیابوونەوەی نەتەوەکانی غەیرە فارس، زۆرتر لە ژێر کاریگەریی "تئوری توطئە" و ماهییەتی پاوانخوازانەی دەسەڵات و دەسەڵاتداراندا بووە.. ئاشکرایە کە سەپاندنی زمانێکی تایبەت دەکەوێتە چوارچێوەی زمان کوشتن و سەرکوتێکی سیستماتیک بە تەواوی ماناوە. لەکاتێکدا لەم سەردەمەدا بە دەیان وڵاتی جیهان زیاتر لە یەک زمانی فەرمییان هەیە، سیستمی پەروەردە و فێرکارییان چەند زمانەیە و زۆربەشیان خاوەنی سیستمێکی سیاسیی سەقامگیر و دێموکراتیکن، بۆ وێنە کانادا، بێلژیک و ئیسپانیا. ئێمەی نەتەوەی کوردیش، وەک نەتەوەیەکی خاوەن فەرهەنگ و شارستانیەت، لە ڕابردوو و تەنانەت لە ئێستاش کە زمان و کولتوورمان لەلایەن کولتووورە زاڵ و باڵادەستەکانەوە مەترسیی سڕینەوە و لەنێوچوونی لەسەرە، بە ئەرکێکی نیشتمانیی هەر تاکێکی کوردی دەزانین پرسی زمانی دایکی و پاراستنی بە هەند وەربگرێ و هەوڵی پاراستن و گەشەپێدانی بدات. هەوڵدان بۆ پاراستن و گەشەپێدانی زمانی دایکی، ئەرکێکی ئەخلاقی، ئینسانی، نەتەوەیی هەر تاکێکی کوردە. هەر بۆیە لە سەروبەندی ڕۆژی جیهانیی زمانی دایکی، جەخت لە مافی سروشتی و ئینسانی و زمانیی خۆمان دەکەینەوە. داوامان لە سەرجەم چین و توێژەکانی کۆمەڵگای کوردستان، مامۆستایان، قوتابیان، خوێندکاران و چالاکانی فەرهەنگی و مەدەنی ئەوەیە کە بە هەر شێوەیەک کە بۆیان دەگونجێ، دەنگی مافخوازانەی خۆیان بەرز بکەنەوە و بە کردەوە داکۆکی لە ماف و بەها و سامانێکی نەتەوەیی بکەن کە هەمان زمانی دایکییە.

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران
کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران
٢٠ی ڕێبەندانی ١٣٩٥ی هەتاوی
٨ی فێوریەی ٢٠١٧ی زایینی

# ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست پڕە لە کێشەی کۆمەڵایەتی و سیاسی

ئەنستیتۆی فەڕانسەوی بۆ ڕۆژهەڵاتی نزیک، کۆڕێکی بۆ پرۆفیسۆر حەمید بووز ئەرسەلان بەڕێوە برد، کە کۆڕگێڕ باسی لە خاڵە هاوبەشەکانی دەسەڵاتە دیکتاتۆرییەکانی ناوچەی ڕۆژهەڵاتی نێوەراست و ڕۆڵی لایەنە نێوخۆیی و دەرەکییەکانی لە کێشەکانی ناوچەدا کرد.

ڕۆژی پێنجشەممە ١٤ی ڕێبەندانی ١٣٩٥ی هەتاوی، ئەنستیتۆی فەڕانسەوی بۆ ڕۆژهەڵاتی نزیک، کۆڕێکی بۆ پرۆفیسۆر حەمید بووز ئەرسەلان بەڕێوە برد کە کۆڕگێڕ لەو کۆڕەدا لەسەر کێشەکانی ناوچەی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست و ڕۆڵی پێوەندییە سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابوورییەکانی ناوچەکە و دەسەڵاتە دەرەکییەکان لەو کێشانەدا کرد.

لەو کۆڕەدا کە ژمارەیەکی بەرچاو کەسایەتیی سیاسی و ئاکادمیک ئامادە بوون، هەیئەتێکی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بە سەرپەرستیی بەڕێز حەسەن شەرەفی جێگری سکرتێری گشتیی حیزب بەشدار بوون.

تەوەری سەرەکیی باسەکە خاڵی هاوبەشی دەسەڵاتە دیکتاتۆرییەکانی ناوچە و خاڵە جیاوازەکانیان و چۆنیەتیی بەئاکام گەیشتن یان نەگەیشتنی ڕاپەرینی خەڵک لەو وڵاتانە و بەتایبەت لە ڕووداوەکانی بەهاری عەرەبیدا بوو.

لە بەشێکی باسەکەدا ئاماژەیەکی ورد کرایە سەر خاڵە نێوخۆییەکانی وڵاتەکان و وێکچوون و جیاوازیی کۆمەڵایەتی و ئێتنیکی و جوغرافیایی و سیاسیی نێو هەر وڵاتێک و لە بەشێکیشدا ئاماژە بە ڕۆڵی هێزە نیزامیەکان و دەستێوەردانی وڵاتانی دیکە لە هەرکام لە ڕووداوەکاندا کران.

بەپێی لێکدانەوەی پرۆفیسۆر بووز ئەرسەلان، ئاڵۆزیی ناوچەکە بەرەو ئاقارێکی خراپتر دەڕوا و شەڕی تایفی و مەزهەبی قووڵتر دەبێتەوە.لە دوای باسەکانی کۆڕگێڕ، بەشداران ڕا و تێبینی و بۆچوونەکانی خۆیان باس کرد.

# حیزبی دێموکرات پشتیوانیی هەمەلایەنەی خۆی لە دەنگی مافخوازیی ڕۆڵەکانی نەتەوەی عەرەب لە ئەهواز دەردەبڕێ

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە پەیامێکدا پشتیوانیی لە حەرەکەتی ئێعترازی و ناڕەزایەتی دەربڕینەکانی نەتەوەی عەرەب لە ئێران دەربڕی.

دەقی پەیامەکە:

ماوەیەکە ڕۆڵەکانی نەتەوەی عەرەب لە ئێران، دژ بە سیاسەتی هەڵاواردن و ماف پێشێلکردنی ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران زنجیرە حەرەکەتێکی ئیعترازی و ناڕەزایەتی دەربڕینیان هێناوەتە ئاراوە. لە درێژەی ئەو حەرەکەتانەدا لەم ڕۆژانەی دوایی و بە دوای کوژرانی لاوێک و بریندارکردنی ژمارەیەکی دیکە لە خەڵکی دەوەرەکە بە تایبەت لە شاری ئەهواز و فەلاحیە و خەلیفە بەرین، بەربڵاوییەکی زیاتری بە خۆیەوە گرتووە. ئەو حەرەکەتە ئێعترازییانە لە چوارچێوەی سیاسەتی دوژمنکارانەی کۆماری ئیسلامیی ئێراندا، لە لایەن هێزە سەرکوتکەرەکانی ڕێژیمەوە کەوتوونەتە بەر توندوتیژی و گرتن و زیندانی کردنی ژمارەیەک لە خۆپیشاندەران و ناڕازیان، شێوە ڕەفتارێک کە ساڵی ڕابردوو دژ بە حەرەکەتە ئیعترازییەکانی شارەکانی مەریوان و پیرانشاریش لە کوردستان بە ئەنجام گەیشتوون.

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران وێڕای مەحکووم کردنی سیاسەتی هەڵاواردن و ماف پێشێلکردنی نەتەوەی عەرەب و نەتەوەکانی دیکە لە ئێران و بایەخ نەدانی ڕێژیم بە ژیان و گوزەران و خزمەتگوزارییەکانی خەڵکی ناوچەکان، پشتیوانیی هەمەلایەنەی خۆی لە دەنگی مافخوازی ڕۆڵەکانی نەتەوەی عەرەب لە ئەهواز دەردەبڕێ و هاوخەمی لەگەڵ بنەماڵەی گیان لەدەستداوەکە دەکا و چاکبوونەوەی هەرچی زووتری بریندارەکان بە ئاوات دەخوازێ.

دیارە بێدەنگی لە بەرانبەر سەرکوتی ڕۆڵەکانی نەتەوەی عەرەب لە ئێران دەستی ڕێژیم و هێزە سەرکوتکەرەکانی لە درێژەدان بەم سیاسەتە دژی گەلییانە ئاواڵاتر دەکا، بە پێچەوانەوە پشتیوانی و هاودەنگی لەگەڵ ئەم حەرەکەتانە و یەکگرتوویی نەتەوەکانی ئێران دەتوانێ ڕێژیم بە چۆکدا بێنێ و پاشەکشە بە سیاسەتە دژی ئینسانییەکانی بکا.

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران
دەفتەری سیاسی

٢٩ی ڕێبەندانی ١٣٩٥ی هەتاوی
١٧ی فورییەی ٢٠١٧ی زایینی

# مستەفا هیجری پەیامێکی بۆ کۆنفڕانسی نێونەتەوەیی مۆسکۆ بەڕێ کرد

مستەفا هیجری، سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، بە بۆنەی بەڕێوەچوونی کۆنفرانسی نێونەتەوەیی مۆسکۆوە پەیامێکی ئاراستە کرد.

دەقی پەیامەکە:

هاوڕێیانی بەڕێزی ئامادەکاری کۆنفرانس

وێڕای سڵاو و پیرۆزباییەکی گەرم

لە لایەن حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانەوە خەبات و تێکۆشانی ئێوە ئامادەکارانی کۆنفرانس بەرز دەنرخێنین و وێڕای سوپاسی بانگهێشت کردنتان، هیوای سەرکەوتنتان بۆ بە ئاوات دەخوازین.

بە لەبەرچاوگرتنی دۆخ و هەلومەرجی هەستیاری ناوچەکە و خێرایی گۆڕانکارییە سیاسییەکان و ڕۆڵ و کاریگەرییان لە سەر چارەنووس و قەدەری گەلی کورددا، پێویستی خەبات و تێکۆشانی هەر لایەنێکی خەباتگێڕی کوردستانە کە وەک زەروورەتێک لە ئاست بەرپرسایەتی نەتەوەیی و سیاسیدا پتر لە هەرکاتێک لە پێناو یەکڕیزی و هاوکاریی نێوان هێز و لایەنە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکان تێبکۆشن و بەرژەوەندییە باڵاکانی نەتەوەیی و ڕزگاریی گەلی کوردستان بە ئامانج بگرن.

ئێمە لەو باوەڕەداین کە ئەو ململانێ، دژایەتی و گۆڕانکارییانەی کە ئێستا لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست و بە تایبەتی لە وڵاتانی کوردنشیندا هەیە، دەتوانێ بۆ گەلی کورد هەم دەرفەت بێ، و هەم هەڕەشە و مەترسیدار بێ، بۆیە ئەگەر پارت و لایەنە سیاسییەکانی کوردستان بتوانن ئەو دووبەرەکی و ململانێیەی نێوان هێزە هەرێمی و نێودەوڵەتییەکان بقۆزنەوە و بیکەنە دەرفەت، بەر لە هەر شتێک پێویستە پرەنسیپی ڕێزگرتن و قەبووڵ کردنی یەکتر بە ئەساس بگیردرێت تاکوو هەر پارت و لایەنێک بە دوور لە لۆژیکی ئینکارکردن، تاکڕەوی، دژایەتی و دەستێوەردان لە کاروباری یەکتردا، بتوانن پێکەوە بە گوتارێکی نەتەوەیی و دێموکراتیک پێشەنگایەتی تەڤگەری ڕزگاریخوازیی کورد بۆ وەدەستهێنانی ئامانجە نەتەوەییەکانی بکەن.

ئێمە وەکوو حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، لە سەر فەلسەفە و بنەمای کۆماری کوردستان، لەو بڕوایەداین کە کورد یەک نەتەوە و کوردستانیش یەک وڵاتە، بەڵام بەداخەوە بە هۆی داگیرکەریی نەیاران و ئاسمیلاسیۆن و هەوڵی لەنێوبردنی سەدان ساڵەی کورد، ئەمڕۆکە هەر پارچەیەک لە وڵاتی ئێمە، خۆی لە تایبەتمەندیی جیاوازی سیاسی، کولتوری و ...هتددا دەبینێت، بۆیە پێویستە بە لەبەرچاوگرتنی ئەو ڕاستیە، هەر حیزب و لایەنێکی وڵاتپارێزی کوردستان لە هەر پارچەیەکدا، سەرەڕای هەر ڕوانگە و ئیدئۆلۆژییەکی سیاسی، وەکوو پرەنسیپ ڕەچاوی دەستێوەرنەدان لە کاروباری پارچەکانی دیکەی کوردستاندا بکەن و لە سەر بنەمای بەرژەوەندییە باڵاکانی نەتەوەیی، پێکەوە هاوکار و یارمەتیدەر بن. بۆیە لە دۆخی ئەمڕۆییدا، بەر لە هەر شتێک پێویستیمان بە دروستکردنی زەمینە و ژینگەیەکی تەندروست و دێموکراتیک لە نێوان هەموو هێز و لایەنە سیاسییەکانی کوردستاندا هەیە، تاکوو بتوانین لە لایەکەوە یەکیەتی نەتەوەیی مسۆگەر بکەین و لە لایەکی تریشەوە بەو میکانیزمەوە دەتوانین سەرکەوتنی هەر پارچەیەک لە کوردستان بکەینە دەرفەت و فاکتەری یارمەتیدەر بۆ بەرەوپێشبردنی خەباتی ڕزگاریخوازی لە پارچەکانی دیکەی کوردستاندا.

لە ڕوانگەی ئێمەوە، لە هەلومەرجی هەنووکەییدا، بوونی پێوەندی تاکتیکیی هەر لایەنێکی خەباتگێڕی کوردستان بە دەوڵەتانی داگیرکەرەوە تا ئەوجێگایە ڕێی پێدراوە، کە لەسەر حیسابی دژایەتی و زەرەر گەیاندن بە بزووتنەوەی ئەو پارچەیە لە کوردستان تەواو نەبێت، بەڵام کاتێک ئەو پێوەندییانە ببنە هۆی زەرەر پێگەیاندن و بەتاڵکردنی ستراتێژ و خەباتی ئەو بەشە لە نێوەرۆک و جەوهەری ناسنامە نەتەویی و دێموکراتیکەکەی، ئەوکات نەتەنیا خزمەت بە گەلی کورد نەکراوە، بەڵکوو یەکڕیزیی نەتەوەییش تێکدراوە و لە هەموو کەس زیاتر دوژمن و نەیارانی کورد لەو کارە کەڵک وەردەگرن.

ئێمە لەو بڕوایەداین کە بە درێژایی مێژوو، گەلی کورد لە هەموو پارچەکانی کوردستاندا هیچکات بە قەدەر ئێستا وشیار نەبووەتەوە و بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی نەتەوەییش بە قەدەر ئێستا پێش نەکەوتووە، و لە هەمانکاتدا دەرفەتە هەرێمی و نێودەوڵەتییەکانیش بە قەدەر ئێستا لە قازانجی کورددا نەبوون، کەواتە ئەگەر ئێمە بە لێزانانە و کارامەییەوە هەنگاو بنێین، دەبینین کە ڕۆژ ڕۆژی کوردەکانە و سەرکەوتنیش نزیکتر بووەتەوە.

بژی کورد، سەرکەوێ خەباتی ڕزگاریخوازانەی گەلی کورد

حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران
سکرتێری گشتی
مستەفا هیجری
١٤ی فێوریەی ٢٠١٧ی زایینی

# شاندێکی حیزب سەردانی هاوڕێیانی پێشوویان کرد

شاندێکی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بە سەرپەرەستیی "مستەفا هیجری" سەردانی هاوڕێیانی پێشوویان کرد.

ڕۆژی سێشەممە ڕێکەوتی ٢٦ی ڕێبەندانی ١٣٩٥ی هەتاوی، شاندێکی ڕێبەریی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بە سەرپەرەستی مستەفا هیجری سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکرات، سەردانی هاوڕێیانی پێشوویان کرد و لە لایەن هەیئەتێکی دەفتەری سیاسی بە سەرپەرەستی مستەفا مەولوودی سکرتێری گشتیی هاوڕێیانی پێشوو، پێشوازیی لە شاندی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران کرا.

سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران پیرۆزبایی لە سکرتێری گشتی و جێگری سکرتێری گشتی هاوڕێیانی پێشوو کرد کە لە پلینۆمی ئەم دواییانەیاندا هەڵبژێردران و هیوای بۆ خواستن لە بەرپرسایەتی نوێیاندا بۆ خزمەت بە ئامانجەکانی گەلی کورد سەرکەوتوو بن. هەروەها لەم دیدارەدا لە سەر ئاڵوگۆڕە سیاسییەکانی ئەم دواییانەی ناوچە و بە تایبەت ئەو مەسەلانەی پێوەندییان بە پرسی کورد و کوردستانی خۆرهەڵاتەوە هەیە، ئاڵوگۆڕی بیروڕا کرا و لەسەر پێویستیی هاوکاری و پێوەندی دۆستانەی نێوان هەردوولا خەجت کرایەوە.

# پۆلێک لە لاوانی ڕۆژهەڵات پەیوەست بە هێزی پێشمەرگەی کوردستان بوون

پۆلێک لە لاوانی بەهەڵوێستی کوردستانی ڕۆژهەڵات، پاش تێپەڕاندنی دەورەی سەرەتایی پێشمەرگە، جلی پیرۆزی پێشمەرگایەتییان لەبەر کرد.

ڕۆژی شەممە ڕێکەوتی ٢٣ی ڕێبەندانی ١٣٩٥ی هەتاوی، ڕێوڕەسمی کۆتاییهاتنی دەورەی ٢٢٣ی هێزی پێشمەرگە، لە ناوچە سنوورییەکانی کوردستانی ڕۆژهەڵات بەڕێوە چوو.

ئەم ڕێوڕەسمە بە بەشداریی بەشێک لە ئەندامانی ڕێبەریی حیزبی دێموکرات، فەرماندەکانی هێزی تایبەت و بەشێک لە کادر و پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکرات بەڕێوە چوو.

پاش بەخێرهاتن و پێشکەش کردنی چەند وتەیەک لە لایەن ئۆمید مەندوومی بەرپرسی فێرگەی حیزب، ئەم مەراسیمە بە خوێندنی سروودی نەتەوەیی "ئەی ڕەقیب" و ڕاگرتنی خولەکێک بێدەنگی بۆ ڕێزگرتن لە گیانی پاکی شەهیدانی کورد و کوردستان دەستی پێکرد.

دواتر محەممەدساڵح قادری، ئەندامی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران وێڕای پیرۆزبایی کردن لە بەشداربووانی دەورە، بەم بۆنەوە چەند وتەیەکی پێشکەش کرد. بەڕێز قادری لە وتەکانیدا ئاماژەی بەوەدا کە؛ "پێشمەرگە سەربازێکی چەکدار نییە، بەڵکوو ناسنامەی نەتەوەیەکە و خاوەنی کەسایەتی و هۆشیارییەکی تایبەتە".

هەروەها گوتیشی؛ "پێشمەرگە لە سەرتاسەری دونیادا وەکوو هێزێکی دژە تێرۆر ناسراوە کە بۆ ئاشتی و دێموکراسی خەبات دەکات".

پاشان سروودێکی شۆڕشگێڕی لەژێر ناوی "ئەی دێموکرات" لە لایەن گرووپی سروودی "ڕاسان" بە هاوکاریی دەورەی ٢٢٣ پێشکەش کرا.

دواتر ڕاپۆرتی ئامووزشیی دەورە لە لایەن "دیاکۆ مەسعوودی" مامۆستای فێرگەوە خوێندرایەوە.

لە نێوئاخنی ڕێوڕەسمەکەدا، پەیامی دەورە لە لایەن بەشداربووی دەورە "ئەیووب قەمەری ڕاد" پێشکەش کرا.

دوای پێشکەش کردنی پەیامی دەورە، سروودێک لەژێر ناوی "بژی دێموکرات" لە لایەن بەشداربووانی دەورەوە پێشکەش کرا.

بەپێی نەریتی فێرگەی کۆمیسیۆنی پەروەردەی حیزبی دێموکرات، ناوی نەفەراتی یەکەم تا سێهەمی دەورە کە لەباری تاقیکارییە سیاسی و نیزامییەکانەوە پلەی نێونجیان بەدەست هێنابوو، بەم شێوەیە ڕاگەیەندرا: "مەریەم شابازی، ئەیووب قەمەری ڕاد و مۆحسێن ئەلیاسی" و دواتر ناوبراوان خەڵات کران.

ئەو هاوڕێیانە لە لایەن "محەممەدساڵح قادری" ئەندامی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دێموکراتەوە خەڵاتەکانیان پێشکەش کرا.

هەروەها لە بواری نەزم و دیسیپلین، سێ نەفەری یەکەم کە نێونجی نمرەیان بەدەست هێنابوو؛ "ئەحمەد قۆیتاسی، بەیان کاکەخانی و دیار بنی عەبباسی" خەڵات کران.

ئەو هاوڕێیانەش لە لایەن سدیق دەرویشی ئەندامی کۆمیتەی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێرانەوە خەڵاتەکانیان پێشکەش کرا.

هەروەها لە بەشێکی دیکەی ئەو ڕێوڕەسمەدا نمایشی نیزامی لە لایەن بەشداربووانی دەورەی ٢٢٣ی سەرەتایی پێشکەش کرا.

کۆتایی ڕێوڕەسمەکە بە سروودی شۆڕشگێڕی کۆتایی پێهات.

# سکرتارییەتی کۆمەڵە ڕاگەیەندراوێکی سەبارەت بە کۆچی دوایی کاک ئەبوو کەریمی بڵاو کردەوە

سکرتارییەتی کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران سەبارەت بە کۆچی دوایی کاک ئەبوو کەریمی ڕاگەیەندراوێکی بڵاو کردەوە.

دەقی ڕاگەیەندراوەکە:

ڕاگەیاندنی سکرتارییەتی کۆمەڵە بە بۆنەی مەرگی "کاک ئەبوو کەریمی

بەداخەوە ئاگادار بووین کاک عەبدولڕەزا کەریمی ناسراو بە "ئەبوو کەریمی" ماڵئاوایی لە ژیان کردووە. کاک ئەبوو تێکۆشەرێکی دێرین، خەباتکارێکی ئازادیخواز و ناسراوی ناو بزافی ڕزگاریخوازی کوردستانی ڕۆژهەڵات بوو. وەک کەسێکی چەپ و ئەندامی چریکە فیداییەکانی خەڵکی ئێران هەر لە سەرەتای ڕاپەڕینی گەلانی ئێرانەوە لەگەڵ ڕابەری گیانبەختکردووی کۆمەڵە کاک فۆئاد مستەفاسوڵتانی و هەروەها کاک عەبدوڵڵا موهتەدی سکرتێری گشتیی کۆمەڵە ئاشنا بوو و هاوڕێیەکی نزیکیان بوو. دواتریش لە ڕیزەکانی حیزبی دیمۆکراتی کوردستانی ئێراندا درێژەی بە کار و تێکۆشانی سیاسی خۆی داوە و ئەم پەیوەندییە و دۆستایەتییەی هەر بەردەوام بووە. شیاوی باسە کاک ئەبوو سیمایەکی سیاسی و ناسراوی ناوچەی کرماشانیش بوو. بێگومان مەرگی کاک ئەبوو ئێمەی خەمبار کردووە و هەروەها خەسارێکیشە بۆ بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیمان، ئێمە بەم بۆنەوە سەرەخۆشی لە بنەماڵە و کەسوکار و هاوڕێیانی دەکەین.

سکرتارییەتی کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران
١٤فێفرییەی ٢٠١٧ی زاینیی
٢٦ی ڕێبەندانی ١٣٩٥ی هەتاوی

### درێژەی پەیڤ

سینفی یان کۆمەڵایەتیی کورتخایەنە و هیچ سیستمێکیش لەگەڵی کێشەی نابێ! لێرەدایە کە خەباتی مەدەنی، دەبێ بە یەکێک لە میکانیزمەکانی پەرەدان بە خەباتی شار و ڕاسانی ڕۆژهەڵات لەو میکانیزمە بۆ ڕێکخستنی کۆمەڵگا و بەگژ سیستمدا چوونەوە کەڵکی لێ وەردەگرێ، چوونکە ڕاسانی ڕۆژهەڵات لە چوارچێوەی سیستمی زاڵدا بیرناکاتەوە و نایەوێ ئەم سیستمە وەکوو ئەمری واقیع قبووڵ بکا. ڕاسانی ڕۆژهەڵات بەبێ خەباتی شار و کەڵک وەرگرتن لە هێزی خەڵک مانایەکی نابێ و خەباتی شار یەکێک لە کۆڵەکەکانی ڕاسانە و ئامانجی ڕاسانیش بریتیە لە ڕێکخستنی خەڵک لە خەباتێکی جیددی و واقیعیدا، دژ بە سیستمی زاڵ، بۆ ئەوەی داهاتوویەکی باشتر بونیات بنرێ نەک ئەم سیستمە بە دەمامکی ڕەنگاڵەوە بمێنێتەوە.

# نیشانەناسیی ڕاسان وەک شەڕی نوێ

## بەشی دووهەم

ن: دیاکۆ مورادی
و: جەماڵ ڕەسوڵ دنخە

میتناتۆلۆژیی وێژەی ڕاسان، ڕەمزی خۆڕاگری لە بەرانبەر دوژمنیدا

وێژەی ئەمڕۆی ئێمە، بەرهەمی سووڕانەوەی دینامیزمە کە بە مۆدێرنترین و زانستی‌ترین ئوسوولی هەستانەوە و موهەندیسیی شەڕی نوێ چەکدار کراوە. مەبەستی ئەمڕۆی ئێمە نیسبەت بە ٧ دەیەی پێشتر لە وێژە، کۆمەڵێک لە بەرهەمەکان یا بەدواداچوونی نووسراوەکان نین، تەنانەت پێشکەوتوانەتر بڵێین، بەشێک لە بازاڕی فەرهەنگی و ئامووزشیش نیە. بەڵکوو نووسینێکی ئاڵۆز لە نیشانەکان بەپێی کردارێکە. واتە چنینێک لە دەلیلەکان کە بەرهەم دروست دەکەن، چوونکە سەرکەوتنی ئێمە لە ڕاستیدا زمانی ڕاسانە. هەمان زمانێک کە لە چوارچێوەی ماناشناسییەکەی شەڕی زمان دەکات و لە زۆنەکەی خۆی دەری دەکات تا لە ڕێگای پەیامەکانی زمان "شانۆگەردان" نەبێت. کردەی (پرکسیس) زانستیی ئەمڕۆی ئێمە لە جێگایەکدا ئاشکرا دەکرێت کە ڕووناکبیرەکانی ئێمە بۆ وەجووڵەکەوتن لە سەر پانتای زمان ئەنجامی دەدەن.

قسەکانم بە ڕوونی چاودێری لە بەرپرسیایەتێکە کە لە شێوازی بەیانی ئەدەبی خۆی دەردەخات. هەڵسەنگاندنی بەرپرسیارەتی، لە چوارچێوەی ئیدئۆلۆژیک، هەڵەیەکی گەورەیە لە حیزبەکانی دیکەی کوردستانی ڕۆژهەڵات، لە ماوەی ساڵانی ڕابردوودا تووشی بوونە.

ئێمە وردە وردە زاڵ دەبین کە بە هێزی جادوویی پۆلێنبەندیی نیشانەکان پاڵ بدەینەوە. ئەگەر قەرار بوو بە هۆی دەلیلی ڕادیکالیزمی سوسیالیستی، یا جۆرێک دڕندەیی فەرهەنگی، هەموو ڕشتە زانستییەکانی ئێمە، لە ناکاو لە سیستمی ئامووزشیدا دەر بکرێت و تەنیا یەک بژاردەمان لە پێش دەبوو، بێ گومان ڕاسان وێژەی هەڵدەبژارد. وێژەی شەڕی نوێ، بێ ئەملاوئەولا و ڕاشکاوانە و "واقع گرایانە" دەبوو. چوونکە خودی وێژە، ڕاستییە. واتە هەمان ڕوونیی ئەمرێکی ڕاستیی لە مانای ئەرکیی "کانتی" ئەودا! بە لەبەرچاوگرتنی ئەوەیکە وێژە هەموو زانستەکانی تێدایە، بە ڕاستی، زانستێکی "دایرەالمعارفی"یە و بێ ئەوەیکە بخزێت و گلۆربێتەوە نێو بەستێنی بتسازی، بە هەر کام لەو زانستانە بە شێوەی ناڕاستەوخۆ پایە و پێگەیەک دەبەخشێت کە کەمتر لە پێگەی ڕاستەقینەی خۆیان نیە. وێژەی نوێی ڕاسان، ئەو دەرفەتە بە هەمووان دەدات کە زانستە مومکینەکان دیاری بکەن، زانستە نەناسراو و پێنەگەیشتووەکان. بیاڤی کردەوەی ئێمە بۆ دووبارە خولقاندنی ئەو دوورە دیمەنانە، کەلێنە زانستییەکانە. چوونکە بەردەوام لە پێش یا پاشی ئەو بابەتەدایە و وەک بەردێکی بەشەوڕووناک (شب افروز) کە بە ڕۆژ نوور لە خۆیدا پاشکەوت دەکات و شەوانە بە بریقەی ناڕاستەوخۆ، موژدەی ڕۆژێکی دیکە دەدات.

زانست، بابەتێکی خەوشدار و قورسە و ژیان بابەتێکی هەڵێنجراوە و چوونکە وێژە لە نێوان ئەو دوو خاڵەدا جێگای گرتووە، گرینگیی هەیە. ئەوەیکە وێژەی هەستانەوە لە بواری ئینسانی دەزانێت، دەبێ ناوی هاوپەیمانییەکی گەورەی توانایی لێ بنێی. زانستی نوێی خەباتی ئێمە، زمان بەکار دێنێت و بە دوای خۆیدا دەکێشێت.

ئێستا چ پیشاندانی جۆراوجۆرییەکانی کۆمەڵگا و یا وێناکەرەوەی هەستی ئابووریی ئەو پچڕانە، شێوەیەکی زانستی لە سنووری سفری نووسین وێنا دەکات و بۆ ئافراندنی ئەودا هەوڵ دەدات. چوونکە دووبارە پێناسە کردنەوەی هەستانەوەی دووبارەی ئێمە لە مانای ئەرکیی "کانتی" خۆیدا، هاوکات لەگەڵ دیالکتیکی زمان دەکێشێتە ڕوو و زانست وەک چەرخدەندەکانی ڕەنگدانەوەی بێ پایان، دەگەیێنێتە جێگا. زانستێک کە لە نێوئاخنی نووسیندا، بەردەوام لەگەڵ زاتی زانست وێکچووە و ئەوەش تەوەری گوتار بە شێوەیەکی "شناخت شناسانە" پێناسە دەکات. ڕاسان لە وەدیهاتنی ئامانجە عەمەلییەکانی هەوڵ دەدات زانستی مێژوویی لە قەوارەی گشتیی خۆیدا هەنگاوێک بباتە پێشتر و هەر ئەوەش لقێک لە خەڵک‌ناسی لە بەرانبەر هەستانەوەی "ڕەچەڵەک ناسانە"ـیە.

گۆڕانی ئەو بیرۆکەیە و ئامانجەکەی، لە بەرانبەر ئەمرێکی ڕاستی و خیاڵی، واتا عەینییەت و زهنییەت لە قاڵبی ڕستەیەکە کە نووسین لە پێناسەیەکی ساکار لە بیرۆکەی "پسا استعماری" بە ڕوانگەیەکی کۆمەڵایەتی ـ سیاسی بە نەتەوەی کورد بناسێنێتەوە و کاریگەرییەکانی لە هەمان نیشانەناسیی پۆلێنبەندی کراو پێشکەش بکات. بە سەرنجدان بەو باسکردنانە، بیرۆکەیەک دروست دەبێت کە هەوڵ دەدات باوەڕە "استعمار زدە" ڕوانگەکان و پێناسە فەرهەنگییەکانی هێزی "استعماری" پاک بکاتەوە و خەڵک لە توێ و تەیفەکانی بەرینی ئاگایی‌دا جێگیر دەکات و شایەتی ئاشتیی دووبارەی خەڵک لەگەڵ ئاگایی بێت. ڕستەی جیابووەوە لە ماناکانی سەرەوە، ئەمری ڕاستەقینەی زمانی ڕاوەستان دەکاتە ئامانج و قەبووڵ دەکات زمانی شۆڕش خەرمانەیەکی بەرین لە بەڵێنییەکان، کاریگەرییەکان، دەنگدانەوەکان، وەرسووڕانەکان، گەڕانەوە و هێرشەکانە. ئەم جۆرە ڕستانە دەتوانن وەک تەرکەشە قوورسەکان جێژنێکی جوان بەڕێوە ببەن.

نموونەیەک کە لەدایک دەبێت لە دابەشکردنی نێوان کارکردەکان پێڕەوی ناکات، بەو مانایە کە لە لایەک نووسەران و ڕۆژنامەوانان و لە لایەکی دیکەوە زانایان هەبن. بەڵکوو ئەو نموونەیە، دڵنیایی هەیە کە دەتوانێت خۆری هەڵاتوو لە زمان لە نووسینی وشەی خەوش و بریندارکەرانە وێڕای زانست و ناسین بە یەک شێوە بەڕێوە دەبات. تامی خوێی ئەو وشە بریندارکەرانە بە زانستی شەڕ، ئیمکانێکی قورستر و بەرهەمهێنەر دەدات. بەرهەمهێنەریی وێژەی هەستانەوە، ئەو وێژە هەرماوە دەکاتە وێژەیەکی پێشڕەو کە نەزمێکی چەند ڕەهەندی "ئەمرێکی ڕاستی" لەگەڵ نەزمێکی تاک ڕەهەندی "توانایی گوتن" بەرابەر دەکات. بە گوتەیەکی کورتتر، بە ئافراندنی نموونەی لە بەردەستدا ئێمە ئەم ئەمرە مەحاڵە لەگەڵ شێوەیەکی پەیدابوو لە مێژووی قازانجی کەلام، مومکین دەکەین. ئێمە ئەو کارکردە بە واتایەکی دیکە کارکردی ئارمانشاری ئەدەبیاتی هەستانەوە دەزانین و لە بەرابەر زمانی تاک ڕەهەندانەی ملهۆڕیی نیزام، لە هەموو شارەزاییمان لەو بیاڤەدا دەدۆزینەوە.

### ئەدەبیاتی ڕاسان، گوتاری عەقڵگەرایی نوێ

زۆر وایە ئیراد لە ڕووناکبیر و نوخبەکان دەگرن کە بە زمانێکی جیاوازتر لە خەڵکی دیکە دەنووسن و قسە دەکەن، بەڵام هەر ئەو جیاوازییە کارێکی ئەرێنیە. چوونکە ئیمکان بەوان دەدات کە لە چوارچێوەی زمانێکی تایبەت، شێوە و سەبکی خۆیان بنووسن. جێگای خۆیەتی بە هێنانە گۆڕی بیرۆکەیەکی سەرنجڕاکێش، گرێی پێکهێنەری نیزام کە لە بواری "ڕەچەڵەک ناسی" لە سەر نەبوونی باڵانسی دەسەڵات و ئانارشیستیە، ئانالیز بکەین. بەپێی ئەو شتانەی کە باس کرا، بە جێگای ئەوەیکە ئێران پانتایەک بێت بە زمانی ئیجباری و یەکدەست (کە بەرهەمی باوەڕی نەبوونی باڵانسی دەسەڵاتە؛ چ لە نموونەی بورژوایی ئەودا "پارسی مرکزگرا" و چە لە نموونەی ئاسایی و باوەکەی "باقی پارێزگاکانی دیکە بە کەمێک سۆس زاراوە "SOS LAHJEH") دەتوانین شاهیدی وڵاتێک بین کە تاکە هاوزەمانەکان، چەندین زمانیان بەپێی کارکرد و پلە و مێژوو فێر بن. وەها بیرۆکەیەک، وێنایەکی پاشکەوت کراو ئامادە دەکات کە لە نێو ئەودا بە ئیختیار و بەپێی حەقیقەتی مەیل و تەمەننا زمانی خۆی دەبینێتەوە. ئەو ئیختارە هەمان هەڵبژاردنێکە کە هەر کۆمەڵگایەک دەبێ بیدات بە هاووڵاتییانی خۆی. هەر چەند هیچ نیزامێکی توتالیتێر نایهەوێت کە بابەتە جۆراوجۆرەکانی مەیل واتەمەننای خۆی لە بابەتێکدا کۆ کاتەوە. بەرهەمی ئەو بیرۆکەیە ئەوە دەبێت کە زمانێک سەرەتا بە بێدەنگی زمانێکی دیکە سەرکوت نەکات کە بابەتی داهاتوو بتوانێت بە بێ پەشیمانی و سووک کردن لە توانای گوتنی ئەو دوو ناوەندە قازانج بکات کە بەو زمانە قسە بکات و ئەوەش بەپێی دوورکەوتنەوە لە نەریت ئەنجام بدات، نەک دوورکەوتنەوە لە یاسا (زۆری). پێویست بە وەبیرهێنانەوەیە کە ئەو ئارمانشارەی کە باسی لێوە کراوە هیچ ئاگالێبوونێک لە بەرانبەر دەسەڵاتدا دروست ناکات. ئێمە باس لە بڕشتییەک دەکەین کە ئەدەبیاتەکەمان بتوانێت، هەمان بڕشتیی چاودێر کە لە کانوونی ناوەندی هەمووی گوتارەکان ڕادەوەستێت و لە جێگایەک نە لە سەروو، بەڵکوو لە خوارەوە، خالس‌بوونی مەکتەبەکان بخاتە چالشەوە.

بڕشت بەو مانایەیە کە لە بەرانبەر هەمووان لە دەسەڵات، بە یەک چاوەڕوانی بەهرەمەند بین کە نووسینی گوتار دەبێ خۆی بگۆڕێت. چوونکە چێژەکان دەتوانێت هەموو کێوەکانی چێژ بۆ لای خۆی بکێشێت تا بتوانێت نووسراوە دەستکاری بکات و لەوان ئافراندنێکی کۆمەڵگەرا درووست بکات (ئاماژە بە نووسراوەی پێکهاتەی جەعلیی یاسای بنەڕەتی!) هەر ئەم جۆرەی کە بەرهەمی ژێنێتیک چێژەکان بۆ لای خۆی ڕادەکێشێت تا بە قازانجی خۆی بیانکاتە سەربازێک و غیرەتەکەی لە خزمەت ئامانجەکانی خۆی بکار بێنێت ( ئاماژەی ڕاست بە "مدافعین حرم" و ڕوانگەی گشتیی خەڵک) هەر ئەم جۆرە کە ئەو بێزارییە بنیات دەنێن. ئێمە لە دووبارە خوێندنەوەی مانیفیستی زانستیی نوێی خۆمان نابێ ترسمان هەبێت کە دەسەڵات بتوانێت بێگاری لە ئێمە و فەرهەنگی ئێمە بکێشێتەوە. بۆیە نابێ پێمان سەیر بێت کە لە ئاسۆی تێکەڵاوی بە ڕواڵەت غەیرە مومکینی ئانارشیسم توانایی گوتنێکی سەرنجڕاکێش کە زمان هەوڵ دەدات لە هێزی خۆی ڕابکات و لە خزمەت بە خۆی، بەرپرسیار نەبێت، شتێک دەبینین کە لەگەڵ نمایشنامە ویکچوویی هەیە. ئەوەش بەو مانایەیە کە ڕاسان جیاوازتر لە بیاڤی شەڕی خۆیدا لە پێناو ڕەنگدانەوەی شوناسی "غیر ماتیماتیکال" دیکەکراو نیسبەت بە شوناسی فەرهەنگییەکەی لە ڕیسک کردنێکی پڕ بەرهەمدا و بە ناو و نیشانی، کە یەکێکیان بە یارمەتیی کارکردی بەردەوام لە زانستە مرۆییەکانی نوێ و ئەوی دیکە بە وەبەرهێنانەوەی خودی فەرهەنگەکە لە چوارچێوەی مێژووگەرایی‌دا خۆی نواندووە. ئەو ڕەنگدانەوەیە لە شێوەی "نشانە شناختی" ویکچوویی حەقیقی دیاردەکان دیاری دەکات تا ئێمە بە پاک کردنەوەی وشە شاراوەکان دەزگای زمانیی نوێ بۆ خۆمان ئامادە بکەین. پاک کردنەوەی ئەو وشانە ئەوە دەسەلمێنێت کە بە هۆی شکستەبوونی زانستە مرۆییەکان، لەگەڵ پرۆسەیەکی پێشبینی نەکراوی ئەودا، ئێمە لەگەڵ شێوازێک لە "ردە شناسی" و "اقتصاد" بەرەوڕوو دەبینەوە و ئەوەش هۆکارێکە کە زانست خێرا دەگۆڕێت.، واتە زانست یا هەمان زانستێک کە لە مانای "دەروونناسی" پێی قەرزدارین، دەبێتە دەستمایەی ڕووبەڕووبوونەوەی ئێمە لەگەڵ "ردە شناسی" و "اقتصاد"دا.

بۆیە زماننناسیی نوێی ئێمە لە شەڕ لەگەڵ تێپەڕبوونی زەمان، نێوەرۆکی زۆر و زیاتر لە بیاڤی سەرەتایی خۆی دەگرێتە بەر.



# ئەزموونێکی تاڵ کە لە باشووری کوردستان دووپات کرایەوە!

**قادر ئەلیاسی**

لە سەرەتای هاتنەسەر دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامیی ئێرانەوە، خومەینی بۆ ڕاگرتن و بەهێزکردنی دەسەڵاتی خۆی فەرمانی دامەزرانی ئۆرگانێکی سەربازیی میلیشیایی دا. ئەم دامەزراوە لە ٩ی ڕەشەمەی ١٣٥٧ی هەتاوی (١٩٧٩/٢/٢٨) بە ناوی "سپای پاسدارانی شۆڕشی ئیسلامیی ئێران" ڕاگەیەندرا.

بە دامەزرانی سپای پاسداران، جموجووڵی خەڵکی ئێران کە تازە لە ژێر ستەمی پاشایەتی ڕزگاریان ببوو، جارێکیتر کەوتەوە ژێر چاوەدێری و دەسەڵاتی ڕێژیمی تازە و تووشی زەبر و زەنگ و سەرکوت بووەوە.

بەرەبەرە سپای پاسداران، پەلی هاویشت و لق و پۆپی زۆری لێ ڕوا، وەکوو:

١. هێزی زەوینی (وشکانی)
٢. هێزی ئاسمانی
٣. هێزی ئاوی (دەریایی)
٤. بەسیجی موستەزعەفین
٥. هێزی قودس

وەك دەردەکەوێ ئەم هێزە لە شێوەی دامەزرانیدا نەك هەر بوو بە هێزێکی گەورە و خاوەن دەسەڵاتی ڕەها، بەڵکوو سێبەری خستۆتە سەر هێزی چەکداریی سەرەکیی وڵات کە بە "ئەرتەش" پێناسە دەکرێ. لقوپۆپەکانی سپا دابەش کرا بۆ ئەو جێگە و شوێنانەی کە لە سەرەوە ئاماژەمان پێکرد. سپای قودس پەروەردە کرا بۆ تیرۆر و چالاکیی تیرۆریستی لە دەرەوەی ئێران.

بەسیجی موستەزعەفین کە یەکێك لە لقەکانی سپای پاسدارانە، لە ٥ی سەرماوەزی ١٣٥٨ی هەتاوی (١٩٧٩/١١/٢٦) بە فەرمانی خومەینی کرا بە یەکەیەکی سەربەخۆ کە هاوشانی سپای پاسداران دەستی بە کار و چالاکی کرد.

٣٥ ساڵ دوای هاتنە سەر دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامیی ئێران، عێراقی پاش سەددام تووشی شەڕێکی ناوخۆیی لە نێوان عەرەبی سوننەی لە دەسەڵات وەلاونراو و عەرەبی شیعەی تازە بە دەسەڵات گەیشتوو هات. ئەم ململانێ ئایینییە ئەوەندە درێژەی کێشا تا سەرهەڵدانی داعشی بە دوادا هات. داعش لە ٢٣ی ڕەزبەری ١٣٨٥ی هەتاوی(٢٠٠٦/١٠/١٥) لە سەر پاشماوەی ڕێکخراوی تەوحید و جیهادی ئەبوومەسعەب زەرقاوی دامەزرا. داعش بە داگیرکردنی پارێزگاکانی مووسڵ (٢٠١٤/٦/٨)، تکریت (٢٠١٤/٦/١١) و ڕەمادی (٢٠١٥/٥/١٧) دەسەڵاتی عێراقی گەیاندە لێواری ڕووخان.

دەسەڵاتدارانی عێراق بۆ ئەوەی بتوانن هەم دژی دەسەڵاتی داعش خۆ ڕابگرن و هەم عەرەبی سوننە بە بیانووی پشتیوانی لە داعش سەرکوت بکەن، بە ڕێنوێنیی ئێران و لە ڕێگای عەلی سیستانییەوە کەوتنە بیری پێکهێنانی دامەزراوەیەکی نیزامی بە شێوەی سپا و بەسیجی ئێران. دوای پەیامی عەلی سیستانی، حەشدی شەعبی لە ٢٥ی جۆزەردانی١٣٩٣ی هـ (٢٠١٤/٦/١٥) دامەزرا. ئەم دامەزراوە سەرەتا پێك هاتبوو لە ٤٠ تاقمی شیعە، دواتر بازنەکە بەرینتر کرایەوە و ٦٧ گرووپی لە ژێر چەتری خۆیدا کۆ کردەوە. حەشد کە بە واتای "کۆمەڵ و تاقم" و شەعب بە واتای "خەڵك" لێك دەدرێتەوە، بە لێکدراوی دەبێتە هێزی خەڵکی یان هێزی بەرگری. ئەم یەکە چەکدارییە لە ئێران دەبێتە بەسیجی خەڵکی. حەشدی شەعبی لە ژێر چاوەدێریی سپای قودسی کۆماری ئیسلامی بە سەرۆکایەتیی قاسم سلێمانیدا، بەرە بەرە پێی گرت و بوو بە یەکەیەکی سەربازی لە عێراقدا. هادی عامری، بەرپرسی سەربازیی سپای بەدر کە گوێڕایەڵێکی ڕێژیمی ئاخوندیی ئێرانە، وەك سەرۆکی گشتیی حەشدی شەعبی دیاری کرا. حەشدی شەعبی لەو شوێنانەی کە بە هاوکاریی هێزی ئاسمانیی هاوپەیمانان توانیویانە سەرکەوتنێك بە دەست بێنن، دەستیان لە کوشتنی خەڵك و سووتاندنی ماڵ و بە تاڵان بردنی سامانی ئەو خەڵکە نەپاراستووە. شارەکانی تکریت، فەلووجە و ڕەمادی کە زۆربەی دانیشتوانیان عەرەبی سوننەن، بەڵگەی ڕاستیی ئەم وتەیە دەسەلمێنن.حەشدی شەعبی، سەرەنجام ڕۆژی شەممە، ٦ی سەرماوەزی ١٣٩٥ی هـ (٢٠١٦/١١/٢٦) بە دەنگی ٢٠٨ ئەندام پارلەمانی عێراق، بە پێی پڕۆژە یاسایەك بوو بە یەکەیەکی سەربازیی یاسایی ئەو وڵاتە.

**حەشدی شەعبی و هەرێمی کوردستان**

لە سەرەتای دروستبوونی حەشدی شەعبی تا دەگاتە ڕۆژی بە فەرمی ناسینی ئەم یەکە سەربازییە لە لایەن پارلەمانی عێراقەوە، بە بۆنەی جۆراوجۆر و لە لایەن بەرپرسانی ئەو گرووپە چەکدارەوە هەڕەشە لە هەرێمی کوردستان کراوە. بەردەوام وتوویانە کە دوای شەڕی داعش، شەڕی قورسی ئەوان لە دژی هەرێمی کوردستان و هێزی پێشمەرگە دەبێ. ئەگەرچی ئەم لێدوانانە بە دەنگ و ڕەنگ و نووسراوە بڵاو کراونەتەوە و لە تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان و ئارشیڤی ڕاگەیاندنە کوردییەکاندا پارێزراون، بەڵام بە لێدوانی بەرپرسێکی دیکەی حەشد نکوولیی لێ کراوە و بە دروشمی بێ ناوەڕۆکی "کورد و عەرەب برای یەکن"، کوردیان خاپاندووە و لە بەدواداچوون بۆ ئەو هەڕەشەیە، سارد کراونەتەوە. ئەم جۆرە هەڵسوکەوتانە، سەردەمی هاتنە سەر دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامیی ئێران وە بیرمان دێنێتەوە. لەو سەرەتایەدا تا هێزی سپای پاسداران و دامەزراوە ئاڵقە لە گوێکانی خومەینی لەرزۆك و تازەکار بوون، کوردیان بە خوشك و برای خۆیان لە قەڵەم دەدا، بەڵام کە دیتیان هەلەکە بۆ لێدانی کورد لەبارە، "برایەتی" بە فەرمانی خومەینی گۆڕدرا بە "دوژمنایەتی" و لە فەرمانە شوومەکەی ناوبراودا ڕووی ڕاستەقینەی خۆی ئاشکرا کرد. فەرمانێك کە بە ناوی جیهاد لە مێژووی ڕەشی خومەینی و ڕێژیمەکەی "کۆماری ئیسلامی"دا تۆمار کراوە. ئەو فەرمانە لە ڕۆژی یەکشەممە، ٢٨ی گەلاوێژی ١٣٥٨ی هـ (١٩٧٩/٨/١٩) لە لایەن خومەینی، وەك بەرزترین پلەی ئایینی و سیاسیی ئێران و فەرماندەری گشتیی هێزە چەکدارەکانی ئەو وڵاتە دژی گەلی کورد بە ناوی "جیهاد" کە واتای شەڕی ئیسلام لە دژی کافرانە، ڕاگەیەندرا و بە هەموو توانایەکی سەربازی و بەوپەڕی دڕندەییەوە و بێبەزەییانە کوردستانیان لە خوێندا نوقم کرد.ئەگەر ئەو ئەزموونە تاڵەی ئەو کاتە لە گەڵ ئێستادا بەراورد بکەین، عەلی سیستانی کە خومەینیی ئێستای عێراقە، لە سەرەتای ڕێگادایە. هێشتا شەڕی داعش کۆتایی نەهاتووە، هێشتا سوننەی عەرەب ملی بە سیستمی دەڵەمەی بەغدا نەداوە. هێشتا کورد، ئەو هێزە لاوازە نییە کە بە سەریدا سەرکەون. بۆیە بە ناردنی وەفدی سیاسی و ئایینی (عەمار حەکیم وەك سەرۆکی وەفدی سیاسی و عەلا مووسەوی وەك سەرۆکی وەفدی شیعەی عێراق) لە ڕۆژەکانی شەممە، یەکشەممە و دووشەممە ١٦، ١٧ و ١٨ی ڕێبەندانی ١٣٩٥ی هـ (٥،٦ و٢٠١٧/٢/٧) لە هەولێر و سلێمانی، دەیانهەوێ لە لایەك کورد لە ئامانجی سەربەخۆیی دوور بخەنەوە و لە لایەکی دیکەوە بەرەو بەغدا پەلکێشی بکەنەوە. ئەویش نەك بۆ ئەوەی پێکەوە وڵات بەڕێوە بەرن، بەڵکوو بۆ ئەوەی بیانخافڵێنن تا لە دەرفەتێکی گونجاوتردا، بتوانن کوردستان بخەنەوە ژێر ڕکێفی خۆیان.

دەسەڵاتدارانی بەغدا لە ژێر ڕێنوێنی و هێژمۆنی ئێراندا، توانیویانە تا ئێستا کورد بە سەر دوو بەرەدا دابەش بکەن. بەرەیەکی چاوی لە تارانە و بەرەیەکی دیکەی بەرەو ئانکارا دەڕوانێ. ئەو بەرەیە کە چاوی لە تارانە، ناچارە لەگەڵ بەغدا بسازێت. بۆ سەلماندنی ئەم بۆچوونە دەتوانین ئاماژە بە دەنگدان بۆ بە یاساییکردنی حەشدی شەعبی (٢٠١٦/١١/٢٦) و پەسندکردنی بوودجەی ٢٠١٧ی عێراق (ڕۆژی چوارشەممە، ١٧ی سەرماوەزی ١٣٩٥ی هـ ٢٠١٦/١٢/٧) بکەین کە لە هەر دوو هەنگاوەکەدا کورد ناکۆك و بەغدا براوە بوو. لایەنێك حەشدی شەعبی بە مەترسی بۆ سەر هەرێمی کوردستان دەزانێ و دەنگی "ئەرێ"ی پێ نەدا، بەڵام لایەنی بەرامبەر دەنگی متمانەی بەو هێزە میلیشیاییە دا کە بە دروشم و بە کردەوە بۆ ئایینزایەکی تایبەت (ئیسلامی شیعە) کار دەکات. لە کاتی پەسندکردنی بوودجەشدا هەمان سیناریۆ دووپات بووەوە. واتە کورد لە بەغدا بوو بە دوو بەرە. بەرەیەك لە پەسندکردنی بوودجەدا خۆی بە براوە دەزانی و پەیامی پیرۆزبایی بۆ خەڵکی هەرێمی کوردستان دەنارد و بەرەیەکی دیکە، پەسندکردنی بودجەی بەو ناوەڕۆکەوە بە زیانی کورد و هەرێمی کوردستان لە قەڵەم دەدا و دەنگی پێ نەدا.ئەم شێوە سیاسەتە کە لە لایەن بەغداوە پەیڕەو دەکرێ، وای لە دەسەڵاتدارانی هەرێمی کوردستان کردووە کە لە باتی ئەوەی ڕێگای دووپاتبوونەوەی ئەزموونی تاڵی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە باشوور نەدەن، ڕۆژانە نیوەیەك بە نهێنی و نیوەیەك بە ئاشکرا دژی یەکتر لێدوان دەدەن. بە جۆرێك کە پیلانی بەغدا و چوار دەوریان لە بیر کردووە.

پرسیارەکە ئەمەیە: بەم هەموو ئەزموونە تاڵەوە، بە چوونی خومەینی و بە مانەوەی میراتەکەی بۆ سیستانی، کورد لە باشوور جارێکیتر ڕێگا دەدا ماڵوێرانییەکی دیکەی وەك ڕۆژهەڵاتی بە سەردا بێت؟

ئەزموونی دوور و نزیك پێمان دەڵێ: هەتا کورد یەکهەڵوێست نەبێ و بە یەکەوە بە گژ پیلانەکاندا نەچێتەوە، هەتا دراوسێی ئەوتۆی هەبێ، بەداخەوە دوور نییە جارێکیتر بینەری دووپاتبوونەوەی ئەو ڕووداوانە بین کە پێشتر لە چەند قۆناغ و لە ئاکامی یەکنەگرتووییماندا، بە سەرمان هاتووە.



## بلومبێرگ ڕاپۆرتێکی لەسەر سپای تێرۆریستی پاسداران بڵاو کردەوە

لە بەرەبەری ئەگەری دانانی ناوی سپای پاسداران لە لیستی تیرۆریستیدا، هەواڵدەریی بلومبێرگ ڕاپۆرتێکی تەلەڤیزیۆنیی لەسەر چالاکیە تێرۆریستییەکانی سپای پاسداران و دەور و شوێندانەری ئەم ڕێکخراوە تێرۆریستییە بڵاو کردەوە.

لە بەشێك لەم ڕاپۆرتەدا باس لە ڕۆڵی سپا وەك کۆڵەکەی سەرەکیی ڕاگرتنی کۆماری ئیسلامی کراوە کە لە ساڵی ٥٧ی هەتاویدا بە بڕیاری خومەینی دامەزرا. لەم ڕاپۆرتەدا هاتووە سپای پاسداران کە لە چەندین بەشی سەربازی وەك هێزی ئاسمانی، زەوینی و دەریایی پێك هاتووە، دەستێکی باڵای لە کاروباری ئەمنیەتیدا هەیە و بەهۆی دەسەڵاتە ڕەهاکەیەوە لەسەر سیاسەتداڕێژیی کەلانی ئێرانیش کاریگەریی هەیە.

لە بڕگەیەکی دیکەی ئەم ڕاپۆرتەدا باس لە کردەوە تێرۆریستییەکانی سپا کراوە و تێیدا هاتووە کە ئەمریکا لە ساڵی ١٩٨٤ بەملاوە وەك پشتیوانێکی سەرەکیی تێرۆریزم لە سپای پاسدارانی ڕوانیوە و ئەم ڕێکخراوەی وەك پاڵپشتێکی بەهێزی گرووپە تێرۆریستییەکانی وەك حیزبوڵڵای لوبنان و گرووپە شیعەکانی ناوچە ناساندووە. هەروەها لەم بەشەدا باس لەوە کراوە کە سپا ڕۆڵێکی کارای لە ڕاگرتن و مانەوەی ڕێژیمی بەشار ئەسەددا هەبووە.

بەشێکی دیکەی ئەم ڕاپۆرتە تەرخان کراوە بۆ چالاکییە ڕووخێنەرەکانی سپا کە بریتین لە بەرهەمهێنانی چەکی کۆمەڵکوژ، پێشێلکردنی مافەکانی مرۆڤ لە ئێران و سوریە و عێراق و هەوڵدان بۆ ناسەقامگیرکردنی بارودۆخی ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناڤین.

دواتر بلومبێرگ دەپەرژێتە سەر ئەگەری گەمارۆدانی سپای پاسداران لە لایەن ئەمریکاوە دەڵێ: "هەنووکە ٢٥ کۆمپانیای بەستراوە بە سپای پاسداران لە لایەن ئەمریکاوە خراونەتە لیستەی گەمارۆکان بەڵام ئەگەر ئەم ڕێکخراوە بە فەرمی لەلایەن ئەمریکاوە بە تێرۆریست بناسرێ ئەوا ڕێژەی ئەم کۆمپانیانەی کە دەکەونە بەر گەمارۆکانی واشینگتۆن گەلێك زیاتر دەبن و وڵاتان و کۆمپانیا ڕۆژئاواییەکان هێندەی دیکە بۆ پێوەندیی بازرگانی و ئابووری لەگەڵ ئێران تووشی کێشە و گرفت دەبن.

هەنووکە سپا خاوەنی نزیك بە ٣٠٠ یەکەی سەنعەتی و بازرگانیی گەورەیە لە ئێراندا کە بەو هۆیەوە زیاتر لە ٦٠٪ی ئابووریی ئێرانی خستۆتە ژێر ڕکێفی خۆی.

## ڕووسیە بە بەردەوامی سەروەریی خاکی ئێران پێشێل دەکات

بەرپرسانی ڕێژیمی ئێران ڕێگەیان بە ڕووسیە داوە بە بەردەوامی کەڵك لە بنکەی ئاسمانیی نۆژەی هەمەدان وەربگرن.

هەواڵدەرییەکانی سەر بە ڕێژیمی ئێران لە زاری عەلی شەمخانی سەرۆکی ئەنجومەنی باڵای تەناهیی نەتەوەیی ڕێژیمەوە بڵاویان کردووەتەوە کە: "فڕۆکە شەڕکەرەکانی ڕووسیە تا ئێستاش کەڵك لە ئاسمانی ئێران وەردەگرن".

ئەو بەرپرسە باڵایەی ڕێژیمی ئێران، ڕۆژی شەممە ڕێکەوتی ٢٣ی ڕێبەندان لە وتوویژ لەگەڵ هەواڵدەریی "فارس"ی سەر بە سپای پاسدارانی ڕایگەیاندووە: "فڕۆکە شەڕکەرەکانی ڕووسیە کەڵك لە بنکەی ئاسمانیی نۆژە وەردەگرن و ئێمە هەر هاوکارییەك کە بۆ سووریە پێویست بێت، لەگەڵ ڕووسیە دەیکەین".

ئەو وتەیەی شەمخانی لە کاتێکدایە کە خەرمانانی ئەمساڵ دوای ئاشکرابوونی ئەو کردەوەیەی ڕێژیم و نارەزایەتییەکان، بەهرام قاسمی، وتەبێژی وەزارەتی دەرەوەی ڕێژیم ڕایگەیاند: "فڕینی فڕۆکە ڕووسیەکان لە بنکەی نووژەی هەمەدانەوە ڕاگیراوە".لە دوای ئەوەی کە مانگی گەلاوێژی ئەمساڵ ئاشکرا بوو کە ڕووسیە لە خاکی ئێران بۆ هێرشکردنە سەر سووریە کەڵك وەردەگرێت، نارەزایەتیی بەرینی نوێنەرە دەستنیشانکراوەکانی مەجلیسی ڕێژیمی ئێرانی لێ کەوتەوە.لەو پێوەندییەدا، حوسێن دێهقان، وەزیری بەرگریی ڕێژیمی ئێران، لە پرێسکۆنفرانسێکدا باسی لەوە کرد کە: "پرسی بنکەی ئاسمانیی نۆژە"ی هەمەدان پێوەندی بە مەجلیسەوە نیە. بەپێی ئەسلی ١٤٦ی یاسای بنەڕەتیی ڕێژیم، هیچ وڵاتێکی بیانی ناتوانیت لە ئێران بنکەی نیزامی، تەنانەت ئەگەر بۆ مەبەستی ئاشتیخوازانەش بێت، جێگیر بکات.کەڵکوەرگرتنی ڕووسیە لە بنکەی ئاسمانی "نۆژە"ی هەمەدان، لە کاتێکدایە کە بەرپرسانی ئەو ڕێژیمە، بەردەوام باس لە سەربەخۆیی ئێران و پاراستنی یەکپارچەیی خاکی ئێران دەکەن، و لە ڕابردووشدا ڕەخنەیان لە ڕێژیمی پاشایەتی دەگرت کە ئەڵقەلەگوێی بێگانەیە و ئێستاش بەرپرسانی ئەو ڕێژیمە خۆیان بوونەتە ئەڵقەلەگوێی ڕووسیە.

## ئەمریکا گوشارەکانی بۆ سەر ئێران زیاتر دەکات

ئەمریکا بۆ گوشار خستەسەر ڕێژیمی ئێران کۆمیسیۆنێکی تایبەت پێك دەهێنیت.ماڵپەڕی ئینتێرنێتیی ئەنجومەنی نوێنەرانی ئەمریکا لە هەواڵێکدا بڵاوی کردووەتەوە کە کۆمیسیۆنێك بۆ هۆشداریدان بە ڕێژیمی ئێران و سیاسەتەکانی داهاتووی ئەمریکا دژ بەو ڕێژیمە پێك دەهێنرێت.لەم کۆمیسیۆنەدا باس لەوە کراوە کە بەرنامەکانی چەکوچۆڵی ئێران لە ڕوانگەی ئەمریکاوە نایاساییە.هەروەها ئاماژە کراوە کە ڕێژیمی ئێران بە هۆی ئەوەی کە پشتیوانی لە تێرۆریزم دەکات، مەترسییەکی جیددی بۆ سەر تەناهیی نەتەوەیی ئەمریکا و ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستە.لە بەشێکی دیکەی ئەو ڕاپۆرتەدا هاتووە کە: "ئێمە گەمارۆی ئابووریدژی ئەو ڕێژیمە پەسند دەکەین و ئەوەش بە ئامانجی وەستاندنی ئەو ڕێژیمەیە".لە دوای واژۆکردنی بەرجام هەتا ئێستا، ئەمریکا بە هۆکاری جۆراوجۆر گەمارۆی ئابووریی نوێی لەدژی ڕێژیمی ئێران پەسند کردووە. ئەنجومەنی نوێنەرانی ئەمریکا گەمارۆ ئابوورییەکانی لە بواری بازرگانی، وزە، بەرگری و پیشەسازیی بانکی کە پێوەندییان بە پرسی ناوکیی و مووشەکە بالستیکەکانی ڕێژیمەوە هەیە، بۆ ماوەی ١٠ ساڵی دیکە درێژ کردووەتەوە.لە ڕێکەوتی ١٥ی ڕێبەندانی ١٣٩٥ی هەتاویدا، وەزارەتی خەزێنەداریی ئەمریکا ٢٥ کەسایەتیی "حەقیقی و حوقوقی" سەر بە ڕێژیمی ئێرانی خستە نێو لیستەی گەمارۆ ئابوورییەکان.

وەزارەتی خەزێنەداریی ئەمریکا باسی لەوە کردووە کە ئەم گەمارۆ ئابوورییانە بۆ بەرەنگاربوونە دژی بەرنامەی مووشەکیی بالستیکی ئێران و چالاکییە تێکدەرانەکانی ئەو ڕێژیمە لە ناوچەدایە

# یەکیەتیی لاوان، وەک یەکەم ڕێکخراوی تایبەت بە توێژی لاوی کورد

ئا : جەلال ڕەوانگەرد

یەکیەتیی لاوان وەکوو، یەکەم ڕێکخراوی تایبەت بە توێژی لاو لە سەردەمی یەکەم کیان و دەسەڵاتی سیاسیی مۆدێرنی کورد لە کۆماری کوردستاندا و بۆ کۆمەڵێك ئامانجی درێژخایەن، دامەزراوە و تا ئێستا ڕێگایەکی بە درێژایی ٧١ ساڵی پڕ لە هەوراز و نشێوی بڕیوە و ئێستاش وەک جاران قورس و قایم، لە گەڵ ئاڵوگۆڕە جیهانی و ناوچەییەکان بە هەوڵ و تێکۆشان بە مەبەستی گەیشتن بە ئامانجەکانی، درێژە بە خەبات دەدا.

ئەمڕۆ لاوان چ لەبەر گرنگیی ڕێژەیان لە پێکهاتنی حەشیمەتدا، و چ بەو هۆیەوە کە لە ڕووی سروشتییەوە فیداکار و گۆڕانخوازن، گرنگترین هێزی مرۆیی ئێران بەئەژمار دێن، دەبێ لاوان زیاد لەوەی کە هەڵگری خواستێکی سێنفی و تایبەت بە توێژی خۆیان بن، هەڵگری بەرنامەیەکی پێکهاتەشکێنی دێموکراتیك بن. لەو ڕووەوە پاش دابینبوونی مافی نەتەوایەتی، بەستێن بۆ دابینبوونی مافی سێنفی ئەوانیش دێتە ئاراوە. هەوڵدان بۆ ڕێکخستن و کۆکردنەوەی تواناکان لەم قۆناغە لە خەباتدا پێویستییەکی حاشاهەڵنەگرە. هەربۆیە کۆبوونەوە و یەکگرتوویی تاکەکانی کۆمەڵگا لە نێو ڕێکخراوێکی دێموکراتیکدا بزوێنەرێکی بەهێز دەبێت بۆ داکۆکی کردن لە ماف و ویستەکانیان و لە ڕێکخراوێکی دێموکراتیکدا هەل بۆ پەروەردە بوونی تاکەکان بەدی دێت و لە ئەنجامدا کۆمەڵێکی ئاگا و لێهاتوو لە چوارچێوەی ڕێکخراوێکی دێموکراتیکدا کۆدەبنەوە. بۆیە ئێمە هەرچەندە لە ڕێکخستن و کۆکردنەوەی وزەکانماندا سەرکەوتووتر بین، ئەوەندەش ئاسۆی بەرچاومان ڕوونتر و خەباتەکەشمان بە بەرهەمتر دەبێت. هەر بە سەرنجدان بەم ڕاستییە حاشاهەڵنەگرەش بوو کە؛ یەکیەتیی لاوانی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە یەکێك لە زێڕینترین قۆناغەکانی بزاڤی ڕزگاریخوازی نەتەوەی کورددا، دامەزرا.

مێژووی یەکیەتی لاوان بە سەر سێ قۆناغدا دابەش دەبێ :

### قۆناغی یەکەم :

لە سەرەتای دامەزرانی ئەو ڕێکخراوەیە لە ٣٠ی ڕێبەندانی ١٣٢٤ی هەتاوی لە سەردەمی کۆماری دێموکراتیکی کوردستان، تاکوو سەرکەوتنی شۆڕشی گەلانی ئێران لە ساڵی ١٣٥٧ی هەتاوی، دەخایەنێت.

پێشەوا قازی محەممەد بیرمەند و ڕووناکبیری نەتەوەکەمان باش دەیزانی و هەستی بەوە کردبوو کە توێژی لاو توێژی بزوێنەری کۆمەڵگان و بایەخدان بە توێژی لاو، بایەخدانە بە پێشکەوتنی کۆمەڵگا و داهاتووی گەش بۆ گەلی کورد. هەر لەسەر ئەو بنەمایەش بوو کە پاش دامەزرانی کۆماری کوردستان، بە مەبەستی زیاتر ئاشناکردنی لاوان بە ماف و ئەرکەکانیان و کۆکردنەوەیان لە چوارچێوەی ڕێکخراوێکی دێموکراتیک و بەشدارییان لە خەبات و گرینگیدان بە ڕۆڵ گێڕانی توێژی لاو لە بڕیاردان و چارەنووسی خۆیاندا، هەر دوای چەند ڕۆژ لە دامەزراندنی کۆمار، واتە لە ٣٠ی ڕێبەندانی ١٣٢٤ی هەتاوی و لە سەر پێشنیاری پێشەوا قازی محەممەد، بڕیاری دامەزرانی "یەکیەتیی لاوان" بۆ ڕاپەراندن و بەجێگەیاندنی ئەرکەکانی لە ناوچەکانی ژێردەسەڵاتی کۆماری کوردستان، دەدرێت.

لەو سەردەمەدا، یەکیەتیی لاوان چەند ئەرکێکی لە سەرشان بوو، کە بریتین لە:

- کۆکردنەوەی لاو لە دەوری ڕێکخراو، بە مەبەستی ڕاپەڕاندنی ئەرکە نەتەوەیی- نیشتمانی و سێنفییەکانیان.
- بەشداری کردنی لاوان لە بنیادنانی کۆمەڵگایەکی پێشکەوتوو.
- ئاشنا کردنی زیاتری توێژی لاو بە ئەرک و مافەکانیان لە نێو کۆمەڵگادا و بەرزکردنەوەی هەستی نەتەوایەتییان.
- ئاشناکردنی لاوان بە خوێندن و نووسینی زمانی کوردی و ڕاهێنان و پەروەردەکردنی لاوان لە بوارە جۆراوجۆرەکاندا. هەر لەو پێوەندییەشدا "٦٠" کەس لە لاوان بە مەبەستی درێژەدان بە خوێندنی باڵا، ڕەوانەی "باکۆ" دەکرێن کە لە داهاتوودا بگەڕێنەوە و خزمەتی زیاتری کۆمەڵگاکەیان بکەن.

یەکیەتیی لاوانی دێموکراتی کوردستانی ئێران پاش دامەزراندن و بەفەرمی دەست بە کاربوونی، گۆڤارێك بە نێوی "هاواری نیشتمان" کە بڵاوکێکی "ئەدەبی و سیاسی و کۆمەڵایەتی" بووە و لە لایەن نەمر "سدیق ئەنجیری‌ئازەر" سەرپەرەستی کراوە، وەك زمانحاڵی ئەو ڕێکخراوەیە چاپ و بڵاو دەکاتەوە کە یەکەم ژمارەی لە ڕۆژی ١ی خاکەلێوەی ١٣٢٥ی هەتاوی، دەرچووە. بەدوای هەرەس پێهێنانی "کۆماری کوردستان" لە مانگی سەرماوەزی ١٣٢٥ی هەتاوی و لەسێدارەدرانی ڕێبەرانی کۆمار و داگیرکردنی ناوچەکانی ژێر دەسەڵاتی کۆمار، دەرەتان بۆ خەبات و تێکۆشانی "یەکیەتیی لاوان" ئەستەم دەبێت و بۆ ماوەیەك ئەو ڕێکخراوەیە لە تێکۆشان دەکەوێت.

ڕێبەری ناودار و کەموێنەی نەتەوکەمان د. قاسملووی نەمر، تێکۆشانی سیاسیی خۆی لە یەکیەتیی لاوانی دێموکراتی کوردستانی ئێرانەوە دەست پێکرد و بە هەول و تێکۆشانی بێوچانی خۆی لە یەکیەتیی لاوان و پاشان لە حیزبی دێموکراتدا، سیاسەت و ئیستراتێژییەکی نوێی بۆ ئەم بزاڤە داڕشت، کە لە ساڵی ١٣٣٢ی هەتاوی کە جارێکیتر دەرەتان بۆ بووژانەوە و چالاکیی ڕێکخراوەکان دەڕەخسێت، ئەو هەلە دەقۆزێتەوە و لە شاری ورمێ کۆمیتەی "یەکیەتی لاوان" دادەمەزرێنێ و دەست بە کار و تێکۆشان و ڕێکخستنی لاوانی ئەو ناوچەیە لە ڕیزەکانی ئەو ڕێکخراوەیەدا، دەکات.

هەروەها تێکۆشەرانی یەکیەتیی لاوان لە سەردەمی خەباتی چەکداریی ٤٦-٤٧دا ڕۆڵی بەرچاویان هەبووە و لە تێکۆشەرانی دیار و بەرچاوی یەکیەتیی لاوان لەو قۆناغەدا، دەتوانین ئاماژە بە شەهید "سمایل شەریفزادە" بکەین.

### قۆناغی دووهەم:

لە مانگی بەفرانباری ١٣٥٧ی هەتاویدا، بە بەشداریی ٣٢کەس لە تێکۆشەرانی یەکیەتیی لاوان و ٣ کەس لە نوێنەرانی حیزبی دێموکرات، لە مزگەوتی "شادەروێش"ی شاری مەهاباد، کۆبوونەوەیەك پێکدێت. ئەو کۆبوونەوەیە وەك سەر لە نوێ بووژاندنەوەی قۆناغی دووهەمی چالاکییەکانی یەکیەتیی لاوان پاش خەباتی سەخت و نهێنی لە مێژووی ئەو ڕێکخراوەیە لەقەڵەم دەدرێ و دەبێتە هەوێنی دووبارە ڕێکخستنەوەی ئەندام و لایەنگرانی و یەکیەتیی لاوانیش پاش ئەو ڕێکخستنەوەیە بە گڕوتینێکی پتر دەستیان بە خەبات و تێکۆشان کردەوە.

لە دەیەکانی ٦٠ و ٧٠ی هەتاویدا، ئەرکی یەکیەتیی لاوان قورستر بوو، ئەویش بەهۆی هاتنی ئەو لاوە کەم تەمەنانەی کە بۆ پەیوەست بوون بە ڕیزی پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکراتەوە ڕوویان لەو حیزبە دەکرد، ڕێبەریی ئەو حیزبە و لە سەرووی هەموویانەوە "دوکتور قاسملوو"ی نەمر، هەستی بەوە کرد کە دەبێ چارەیەك بۆ ئەو لاوە کەم تەمەنانەی کە ڕێبازی خزمەت بە نەتەوەکەیان هەڵدەبژێرن و دێنە ڕیزی پێشمەرگەکانەوە بدۆزێتەوە. هەر بەو مەبەستە بنکە و بارەگاکانی یەکیەتیی لاوان، کە ئەو کات لە ژێر ناوی لاوانی حیزبی دێموکراتدا چالاکییان دەنواند، چالاك کردەوە و ڕێکخراوی لاوان بوو بە پێگەیەك بۆ پەروەردە کردنی لاوانی کوردی کوردستانی ڕۆژهەڵات.

لەو کاتەدا لاوان بە گڕوتینێکی تایبەتیی چ وەک پێشمەرگە و چ وەک پشتیوانانی هێزی پێشمەرگە و پارێزەرانی وڵات، ئەرکە نیشتمانییەکانی خۆیان بەجێ گەیاندوە.

جێگەی ئاماژەیە لەم قۆناغەدا بڵاوکراوەی فەرمیی ئەو ڕێکخراوەیە بە ناوی گۆڤاری "لاوان" لە دەوری دووهەمدا ٥٦ ژمارەی لێ بڵاو کراوەتەوە.

### قۆناغی سێهەم :

بە دوای ساڵی ١٣٧١ی هەتاوی دۆخێکی تایبەت و هەلومەرجی سیاسیی ناوچە، دەبێتە هۆی گواستنەوەی بارەگاکانی ئەو ڕێکخراوەیە لە سنوورەکان بۆ باشووری کوردستان، بۆ ماوەیەکی کورت تێکۆشانی یەکیەتیی لاوان بەرەو لاوازی دەڕوات، بەڵام دوای چەند ساڵ و لە مانگی گەلاوێژی ١٣٧٨ بە دروشمی "لە دەوری یەکیەتیی لاوان کۆ ببنەوە" ئەم ڕێکخراوەیە تێکۆشانی خۆی گڕوتین پێدەدا و بۆ جارێکی تر ڕێکخستنی ئەندامانی دەستپێدەکاتەوە.

بەڵام ئەمجارە ڕێکخراوی یەکیەتیی لاوان، بە تاکتیك و ئیستراتێژی تایبەت بە سەردەم درێژە بە تێکۆشان دەدات و لە وەرزی پاییزی ١٣٧٩دا، کۆمیتەکانی یەکیەتیی لاوان کۆنفڕانسەکانی خۆیان دەگرن و لە ڕۆژی ٤ی بەفرانباری ١٣٧٩ی هەتاوی یەکەم کۆنگرەی خۆی دەبەستێت.

هەر لەو کاتە بە دواوە و وەك بڕیارێك، هەر دووساڵ جارێك ئەو ڕێکخراوەیە کۆنگرەی خۆی دەبەستێت و تا ساڵی ١٣٩٥ی هەتاوی "هەشت" کۆنگرەی بەستووە.

جێگەی ئاماژەیە ڕێکخراوی یەکیەتیی لاوان لە سەرجەم قۆناغەکانی کار و تێکۆشانی، بە سەدان تێکۆشەری نیشتمانپەروەری پێشکەش بە بارەگای ئازادی کردووە و ناویان لە کاروانی شەهیدانی کوردستاندا درەوشاوەیە و یەکیەتیی لاوانیش شانازی بە درێژە پێدانی ڕێبازەکەیانەوە دەکات.

ئێستا کە سەردەمی بەجیهانی بوون و پەرەسەندنی تێکنۆلۆژییە، لەم قۆناغەدا یەکیەتیی لاوان زیاتر لە هەرکات لە ڕاستای ناساندنی کێشەی نەتەوەیی و سەرجەم کێشەکانی لاوان لە کوردستان خۆی بە ئەرکدار دەزانێت، بۆ ئەم مەبەستەش توانیویەتی کۆڕ و کۆمەڵ و ناوەندەکانی تایبەت بە لاوان بە خواست و ویستەکانی توێژی لاوی کورد ئاشنا بکات. لەو ڕاستایەشدا لە زۆربەی وڵاتانی ئوروپایی و ئامریکایی کۆمیتەی دامەزراندووە، لەگەڵ زۆر لە NGO و ڕێکخراوەکانی پارێزەری مافی مرۆڤ لە پێوەندیدایە و لە چەند ڕێکخراوەیەکی جیهانیشدا وەکوو نوێنەری لاوانی کورد ئەندامە و لەو ڕێگایەوە هەوڵی ناساندنی [دۆزی ڕەوای کورد و ڕەواییدان بە خەباتە ڕەواکەی] لە کوردستانی ڕۆژهەڵات، بە ڕێکخراوە جیهانییەکان دەدات و ئەو تێکۆشانەش بە ئەرکێکی ڕێکخراوەیی خۆی دەزانێت.

یەکیەتیی لاوان لە ڕێکەوتی ١ی گەلاوێژی ١٣٩٤ی هەتاوی، کۆنگرەی هەشتەمی خۆی لە ژێر ناوی "کۆنگرەی ٧٠ ساڵە" بە دروشمی "ئەمڕۆ خەبات دەکەین بۆ ئەوەی سبەی بە ئازاد بژین" بەست و بۆ جارێکی تر و بە بەرنامەیەکی سەردەمیانە درێژە بە خەبات و تێکۆشان دەدات. کۆنگرەی هەشتەمی یەکیەتیی لاوان بە خوێندنەوەیەکی نوێ لە هەمبەر ئەو ئاڵوگۆڕانەی لە ناوچە و جیهاندا ڕوودەدەن و کاریگەریی دەبێ لەسەر لاوی کورد، بەرنامە و پلانی بۆ داڕشتووە و درێژە بە تێکۆشانی ڕێکخراوەیی دەدات.هەستکردن بە پێویستیی یەکڕیزیی زیاتری لاوانی کورد و بەرپرسیارەتی بەرانبەر ئەو خاڵە گرینگە، وێڕای ڕێزگرتن لە بیر و ئەندێشە جیاوازەکان، بۆ لەدەوری یەک کۆکردنەوەی ڕێکخراوەکانی لاوان لە ئاستی هەرچوارپارچەی کوردستان و بە تایبەتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، بەردەوام لەپلاندایە و خاڵە هاوبەشەکان دەکاتە بنەمایەک بۆ لێک نزیک بوونەوە و لێک تێگەیشتن، و بیر لە کار و تێکۆشانی هاوبەش دەکاتەوە.

یەکیەتیی لاوان شانازی بەوەوە دەکات کە؛ لە هەرکام لە قۆناغەکان و بەپێی شەرایەت و هەلومەرج لە شێوە جۆراوجۆرەکانی خەبات، لەوانە خەباتی تەشکیلاتی و دیپلۆماسی و... هتد، کەڵکی وەرگرتوە و تێکۆشانی هەبووە و لە قۆناغی ئێستای چالاکییەکانیدا لە بوارەکانی تەشکیلاتی و ڕاگەیاندن و پێوەندی و دیپلۆماسی و پەروەردە کردنی لاوان، خەباتی پێشمەرگانە و ڕۆڵگێڕان لە گرێدانی خەباتی شار و شاخ و... هتد، لە تێکۆشان بەردەوامە.

هەوڵەکانی یەکیەتیی لاوان لە دەرەوەی وڵات، زیاتر بۆ ناساندنی کێشەی کورد و بردنە نێو کۆمەڵگای جیهانییە و لەو ڕاستایەدا خۆی بە دەروەست دەزانێ و بەئەندام بوونیشی لە ڕێکخراوی نێونەتەوەیی لاوانی سۆسیالیست و ڕێکخراوە و ناوەندە جیهانییەکانی تایبەت بە لاوان، بە ڕێگایەکی باش و کارامە دادەنێ، لە هەمبەر دەستەبەرکردنی ئەم ئامانجەدا. ئەمڕۆ لاوان چ لە ئێران بە گشتی، و چ لە کوردستان بە تایبەتی، لە هەلومەرجێکی دژواردان و هەر ڕۆژەو زیاتر لە لایەن دیکتاتۆرانی حاکم بە سەر ئەو وڵاتە، هەوڵی لەنێوبردن و بێڕێزی و سووکایەتییان پێ دەکرێ. ئەمەش دەرخەری ئەوەیە کە خەباتی لاوان و چالاکییەکانییان، دەتوانن مەترسییەکی گەورە بن بۆ نەمانی کۆنەپەرستی و دیکتاتۆرییەت.

کۆماری ئیسلامی ئەمڕۆ زیاتر لە هەر کاتێکی دیکە لە بیرۆکەی ئازادیخوازی و چوونەسەری ئاستی وشیاریی نەتەوەیی لاوان دەترسێ. لاوی ئەمڕۆ، لاوێکی بەهەست و ئارمانجخوازە، هەر بۆیە لە گەڵ گەشەکردنی کۆمەڵگا و پەرەسەندنی تێکنۆلۆژی، چاوەڕوان دەکرێ بیری نوێخوازیی لاوان بەسەر بەستەڵەکی کۆنەپەرەستیدا زاڵ بێت. ڕێکخراوی یەکیەتیی لاوان بە پێداگری لەسەر بنەما فیکرییەکانی، توانیویەتی پێگەیەکی بەهێز چ لە ئاستی جیهانی و چ لە ئاستی ناوچە و کوردستاندا بە دەست بێنێت و تەشکیلاتێکی بەرین و چالاک کە سنووره جوغرافیاییەکانی بەزاندووە و لەنێو کوردەکانی دەرەوەی وڵات، ئەندام و کۆمیتەی هەیە و پێوەندییە نێوخۆیی و جیهانییەکانی فراوان بوونێکی بەرچاوی بەخۆوە بینیوە، یەکیەتیی لاوان لە خزمەت کردن بە توێژی لاوی کورد ڕۆڵێکی بەرچاوی گێڕاوە. لەم ڕاستایەدا بڵاو کردنەوەی وشیاری و ئاگایی نەتەوەیی و گەیاندنی زانیاری لە بوارەکانی کۆمەڵایەتی، کولتووری، سیاسی و ڕۆشنبیری و... هتد، بەتایبەتی لە نێو توێژی لاوی کورد و بە گشتی لە کۆمەڵگای کوردستاندا، کردووە بە ئامانجی خۆی و هەوڵ دەدات تاکی وشیار و پێگەیشتوو و مافخواز بۆ کۆمەڵگایەکی ئازاد و دێموکراتیک و دادپەروەر، پەروەردە بکات.یەکیەتیی لاوان هەوڵ دەدات، لاوانی کورد لە ژێر چەتری ڕێکخراوەیی لاواندا، کۆ بکاتەوە و لە ئاستە سەرتاسەرییەکاندا، چ لە کوردستان و ئێران و ناوچە و جیهان بە یەک دەنگ و گوتارەوە، دەربکەون و لە ئەزموونی کاری ڕێکخراوەیی یەکیەتیی لاوان بۆ بەئۆرگانیزە کردنی خواستەکانی توێژی لاو و گەشەکردنی کاری ڕێکخراوەیی لە نێو سەرجەم لاوانی کورددا هەنگاو هەڵبگرێت و هاندەر و پشتیوانی ڕێکخراوەکانی دیکەش بێت. هەروەها یەکیەتیی لاوان لە هەوڵی ڕۆڵگێڕان و نزیک بوونەوە و گرینگی دان بە پێوەندی لە گەڵ لاوانی سەر بە نەتەوەکانی دیکەی ئێران، لە ڕاستای بەرەو پێش چوونی خەباتی ئەو گەلانەش لە دژی سیستمە دواکەوتووەکان بە تایبەتی کۆماری ئیسلامی ئێران، هەنگاوی جیدی هەڵدەگرێت.

هیوا بە داهاتوو، بەردەوامی و نەدۆڕانی ئیرادە، ژیاندۆستی و مرۆڤدۆستی لە تایبەتمەندییە بەرزەکانی نەوەی نوێی کوردن






# فرۆشتنی منداڵان، فرۆشتنی بەشێک لە ژیان

سارا پارسا

چیرۆکی منداڵانی تازە لەدایکبوو کە پێ دەنێنە نێو دنیایەکی پڕ لە ژان و خەفەت و هەر لە سەرەتای هاتنیانەوە بۆ ئەم دنیا، بە جێگای باوەشی گەرمی بنەماڵەکانیان میوانی باوەشی سارد و پڕ لە مەینەتی شەقامەکان دەبن، چیرۆکێکی دڵتەزێنە کە بە مامەڵە کردن لەسەر ئەوان گیرفانی دەستە و گرووپە مافیاکانی لێ پڕ دەبێت و لە کۆتاییشدا کەس وەڵامدەری داهاتووی پڕ لە خەفەت و تاریکیی ئەوان نابێت. لە ساڵانی زۆر پێشتردا، ئەگەر مامەڵە لە سەر منداڵانی مەلۆتکە دەکرا، بۆ بەدیهاتنی ئاواتی خێزانێك بوو کە هیوایان بووژاندنەوەی ژیانیان بە دەنگی گریان و زەردەخەنەی منداڵێك بوو کە بۆن و ڕەنگێکی نوێ بە ژیانیان بدات، ئەگەرچی ئەو کاتیش نەبوونی و لاوازیی ئابووریی بنەماڵەکان، هۆکاری سەرەکیی فرۆشتنی منداڵان بووە، بەڵام چیرۆکی منداڵانی تازە لەدایکبووی ئەم سەردەمە، جیاوازییەکی زۆری هەیە. ئێستاکە چیرۆك، چیرۆکی منداڵانێکە کە بنەماڵەکانیان نەك هەر تووشی کێشەی ئابوورین، بەڵکوو گیرۆدەی مادەهۆشبەرەکان و کێشەی کۆمەڵایەتین، بەتایبەت ئەو منداڵانەی کە دایکانیان گیرۆدەی مادە سڕکەرەکانن و سەرینی ژێر سەریان کارتۆنی سەر شەقامەکانە و لێفەی سەر جەستەیان ئاسمانی ڕەش و بێئەستێرەیە. ئەم منداڵانە کە زۆربەی زۆریان بە هۆی گیرۆدەبوونی دایکانیانەوە بە نەخۆشینگەلێك وەك "ئیدز" (HIV) ئەوانیش گیرۆدە دەبن، قوربانیانی سەرەکیی ئەم کارەساتە مرۆییەن، تەنانەت زۆربەی جار پێش لەدایکبوونیان دەفرۆشرێن و داهاتوویان دەخرێتە بەر دەستی قوماری ڕۆژگارەوە. بە ڕاستی نرخی مرۆڤێك پێش لەدایکبوونی چۆن بەراورد دەکرێت؟

لە سەر چ بنەمایەکی ئینسانی و یاسایی ئەم نرخانە دیاری دەکرێت؟ لە وەڵامدا دەکرێت وا باس بکرێت کە زۆر بە ئاسانی و بێ هیچ بنەمایەك و تەنیا لەسەر لەبەرچاونەگرتنی ویژدان، نرخ لەسەر مرۆڤێك دادەنرێت کە هێشتا ڕەنگی خۆرەتاوی نەدیوە، لە کۆتاییشدا هەر چەندێك کە نرخیان بۆ دابنرێت ئەوانیش بەختیان، چارەنووسیان، وەك دایکیان و هەزاران منداڵی وەك خۆیان، لە نێوان ئاڵۆزیی سەر شەقامەکان، دەنگیان لە نێو هەستی ساردی خەڵکی کۆمەڵگادا ون دەبێت، چوونکە لە دوای فرۆشتنیان بە گرووپ و دەستە مافیاییەکان، زۆربەی جار بە گشتی ڕادەستی سواڵکەرەکان دەکرێن و بە دەنگی ناسك و پڕ لە سۆزیان گیرفانی ئەم باندانەیان پێ پڕ دەکەن. ئەگەر چی ئەو منداڵە بێتاوانانە بە هۆی پێڕانەگەیشتن و چاوەدێری نەکردنیان لە لایەن خاوەنەکانیانەوە، تەمەنیان زۆر درێژە ناکێشێت و وەك گەڵای پاییزی لە ژێر پێی چارەنووسیاندا هەڵدەوەرن و کەسیش وەك مرۆڤێك لایان لێ ناکاتەوە و بەرپرسایەتییان بە ئەستۆ ناگرێت. ئەم دیاردەیە لە ئێراندا کە هەم دەتوانین وەکوو کارەساتێکی مرۆیی و هەم وەکوو کارەساتێکی کۆمەڵایەتی و تەنانەت یاساییش ناوی لێ ببەین، لە چەند ساڵی ڕابردوودا لە ژێر سێبەری ڕێژیمی ئیسلامیی ئێراندا بە ئاستێکی مەترسیدار گەیشتووە، بە جۆرێك لە جۆرەکان بەرپرسانی ئۆرگانە فەرمییەکانی سەر بە ڕێژیمی ئێران و تەنانەت نوێنەرانی مەجلسی ئیرانیشی بەدەنگ هێناوە و توانای سەرپۆش دانانیان لەسەر ئەم دیاردەیە نەماوە و بەناچار خۆیان باسی لێ دەکەن. بۆ نموونە، نوێنەری شاری تاکستان لە ڕێکەوتی ٢ی ڕێبەندانی ١٣٩٥ هەتاوی، لە دانیشتنێك لە مەجلیسدا بە ڕاشکاوانە ڕەخنەی لە پەرەگرتنی فرۆشی منداڵان لە شارە جۆراوجۆرەکانی ئێران و مامەڵە کردن لە سەر منداڵان گرتووە و سەبارەت بەم بابەتە ڕایگەیاندووە کە: ئەم دیاردەیە لە ئێراندا وەك تجارەتی لێ هاتووە". ئەم نوێنەرەی مەجلیس هەروەها هۆکاری سەرەکیی سەرهەڵدانی ئەم دیاردەیەی بە بوونی کێشەی ئابووری و کۆمەڵایەتی لە وڵاتی ئێران زانیوە. ئەم کارەساتە، شارەکانی کوردستانی ئێرانیشی بە هۆی کێشەی ئابووری و پەرەگرتنی مادەی سڕکەر لە کۆمەڵگای کوردەواریدا بێبەش نەکردووە، بۆ نموونە لە پارێزگای کرماشاندا لە سەرەتای ساڵی ١٣٩٤ تا کۆتایی ساڵ لە نەخۆشخانەکان، منداڵانی مەلۆتکە ڕفێندراون و کەس لە چارەنووسیان ئاگادار نەبووە. هۆکاری سەرەکیی ئەم جینایەتە مرۆییە دەتوانێت بە بەرزبوونەوەی ئاستی بێکاری، نەداری و نەبوونیی بنەماڵەکان و گیرۆدەبوون بە ماددەی هۆشبەر لە نێوان بنەماڵەکان یان ژنانی بێ سەرپەرەست و کارتۆنخەو یان ژنانێك کە بە هۆی کێشەکانیانەوە دەست دەدەنە لەشفرۆشی و لە ئاکامدا منداڵێکی نەخوازراو بە چارەنووسێکی ڕەشەوە ڕادەستی کۆمەڵگا دەکەن، پەیوەندیی هەبێت. کار بەدەستانی ڕێژیمی ئێرانیش بۆ ئەوەی بە ڕواڵەت چارەسەری ئەم بابەتە بکەن ماوەیەك پێش ئێستا دەستیان داوەتە نەزۆك کردنی ژنانی کارتۆنخەو و گیرۆدە بە مادە سڕکەرەکان، تا لەم ڕێگایەوە بتوانن سەرپۆش لە سەر نابەرپرسایەتیی خۆیان بۆ بەڕێوەبردنی وڵات دابنێن، بەرپرسانێك کە دەنگی دادوەرییان ئاسمان و زەویی هەڵگرتووە، بە دوای سی و چەند ساڵ کە لە دەسەڵاتدارییان تێپەر دەبێت و بۆ شۆڕشێك کە لە سەر بنەمای دادوەری و لەنێوبردنی فەساد لە کۆمەڵگای ئێراندا پێکیان هێنا، ئێستا منداڵانی لەدایکبوو لە ژێر دەسەڵاتی هەمان ڕێژیمی بە ناو دادوەر، پێش لەدایکبوونیشیان بە هۆی کێشەکانی ئابووری و بێسەرپەرەستی و... هتد، مامەڵەیان لەسەر دەکرێت و ڕادەستی باند و مافیاکان دەکرێن و شەقام و کارتۆنەکان باوەشیان بۆ دەکەنەوە و لە کاتی گەڵاڕێزانی ژیانیشیاندا زبڵدانەکان گۆڕی هەتاهەتاییان دەبێت.

**ڕێگەی چارەسەرکردنی ئەم دیاردەیە دەتوانێت چی بێت؟**

**١. دابینکردنیئابوورییەکی پێشکەوتوو بۆ وڵات.**

**٢. پەرەپێدان بە پەروەردەیەکی ئینسانی لە کۆمەڵگادا.**

**٣. دارشتنی بەرنامەیەکی بەکارهاتوو و سەرنجڕاکێش بۆ سەروسامان دان بە کێشەی بێکاری و کێشە کۆمەلایەتییەکان وەکوو گیرۆدەبوون بە ماددەی هۆشبەر و لەشفرۆشی لە نێوان ژناندا.**

**٤. چاوەدیریی یاسایی و هەڵوێست گرتن و پێشگرتن بە چالاکیی باندە مافیاکان.**

**٥. دیاریکردنی مووچەیەک بۆ ژنانی خاوەن منداڵ کە خۆشیان تووشی کێشەی کۆمەلایەتین(وەک ئێعتیاد) و دابینکردنی شوێنێک بۆ ژیانی خۆیان و منداڵانیان و چاوەدێریی ڕاستەوخۆی ناوەندە حکوومی یان نیوە حکوومییەکان، بۆ پێشگرتن لە دیاردەی مامەڵە کردن لە سەر منداڵان.**

**٦.کەڵک وەرگرتن لە ڕاوێژکاران و کۆمەڵناسان و دەروونناسان بۆ چارەسەرکردنی ئەم دیاردەیە.**

**٧.چاوەدێریی یاسایی لەسەر چالاکیی باندە مافیاییەکان کە لەم بوارەدا چالاکیی نایاساییان هەیە و سەپاندنی حوکمی یاسایی قورس بەسەر چالاکانی بواری فرۆشتنی منداڵان.**

**٨. کەڵک وەرگرتن لە ماڵپەڕەکان و گەیاندنی زانیاریی زیاتر لەسەر ئەم بابەتە لە کۆمەڵگادا.**

**٩. چالاکیی سەندیکایی، تایبەت لەسەر ئەم دیاردە دڵتەزێنە.**

**١٠.تەرخانکردنی بوودجەیەک بۆ چارەسەرکردنی دیاردەی فرۆشتنی منداڵان لە ئێراندا.**

**١١. چاوەدێری بەسەر بەشی منداڵبوونی نەخۆشخانەکان کە زۆربەی جار مامەڵە لەو بەشانەدا سەر هەڵدەدات.**

بە ئاماژە بەم ١١ خاڵە کە دەتوانێت سەرەکیترین ڕێگاچارە بۆ ئەم دیاردە پڕ لە باسە بێت، پرسیارێك دێتە پێشەوە، ئەویش ئەوەیە کە؛ ئایا ڕێژیمی ئێران ئامادەیە پێشوازی لە چارەسەرکردنی ئەم دیاردەیە و پێکهێنانی هەلومەرجێکی یاسایی و ئینسانی تایبەت بەم دیاردەیە بکات؟ وەڵامی ئەم پرسیارە تەنیا یەك وشەیە، ئەویش(نا)یە، چوونکە کاربەدەستانی ڕێژیمی ئێران ئەوەندەی کە بۆ دابینکردنی کەرەستەی شەڕ لە وڵاتانی دراوسێ وەك عێراق و سووریە تێدەکۆشن، ئەوەندەی ئاگری شەڕ لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا خۆش دەکەن و بۆ سەرکوتی ڕۆشنبیران لە نێوخۆ و پەرەپێدان بە کولتووری پووچەڵی وەك ڕاهیانی نوور و فەرهەنگی بەسیج کات و بوودجە تەرخان دەکەن، یان بۆ تایبەتیترین بەشێك کە هەر تاکێك دەبێ خۆی خاوەنی بێت بە هەر بیر و باوەڕێکەوە هەڵوێست دەگرن و یاسای بۆ دیاری دەکەن وەك چۆنیەتیی شێوازی جل پۆشین لە کۆمەڵگادا، ئەوەندەی کە بۆ داڕووخانی کولتووری نەتەوەکان وەك نەتەوەی کورد، سیاسەتێکی نەرم و فێڵبازانە دادەڕێژن، لە کۆتاییدا بەو ئاکامە دەگەین کە ڕێژیمی ئێران بە ئاماژە بەم سیاسەتانە کە لە بەڕێوەبردنی وڵاتدا گرتوویەتە پێش، لێی ناوەشێتەوە ئاوڕێك لە بارودۆخی کۆمەڵگای ئێران و کێشە کۆمەڵایەتییەکانی بداتەوە کە تەنانەت خەریکە وەك کێشەی مرۆڤایەتی لێ دێت. سیاسەتی ڕێژیمی ئاخوندە ڕەشپۆشەکانی ئێران کە ئەدەبیاتی سیاسییان تەنیا لەسەر زۆرداری و سەرکوتکارییە و زمانی دیالۆگ و ئاشتی ناناسن، بە هۆی سیاسەتێك کە لە مێشکی پرتوکاویان و بیروباوەڕە هەڵە ئایینییەکانیانەوە سەرچاوە دەگرێت، کۆمەڵگای ئێرانی وەك سەردەمی تاریکی سەدەکانی نێوەڕاستی ئورووپا لێ کردووە، ڕەنگە بتوانین بڵێین بایەخ نەدانیان بەم گرفتە کۆمەڵایەتییە، بەشێکی دەتوانێت پەیوەندیی بە باوەڕ و فیکری سیاسیی ئاخوندەکان و ڕێژیمی ڕەشپۆشی داعش ئاسای ئێرانەوە هەبێت کە لەسەر ئەو بڕوایەن کە هەرچی زیاتر خەڵکی کۆمەڵگا لە نەبوونی و فەسادا بژین، کەمتر سەرقاڵ بە کێشە سیاسییەکانی وڵاتیانەوە دەبن، هەرچی ژنانی ئێرانی بەتایبەت ژنانی نەتەوەی کورد لە تەنگانەی فیکریدا بمێنن، کەمتر بیر لە نەتەوەکەیان و شۆڕش بۆ نەتەوەکەیان و پەروەردەکردنی منداڵانێکی بەهەست بۆ نەتەوەکەیان لە داهاتوودا دەکەنەوە، کە وابوو باشتر وایە هەر لە سەرەتاوە لە پێشدا، ژنان تووشی مردنێکی فێڵبازانە بکەن و لە پاشانیشدا منداڵانی بێتاوان چارەنووسیان لە شەقامەکان و لە باندە مافیاییەکان ڕیشە دابکوتێت، ئەگەرچی زۆربەی زۆری ئەم باندانەش شیمانەی ئەوەیان دەتوانێت لەسەربێتك پەیوەندییانلەگەڵ دەسەڵاتدارانی ڕێژیمی ئێران هەبێت، چوونکە بە کڕین و فرۆشتنی منداڵان، جیا لە ئاوەدانکردنەوەی گیرفانیان،یارمەتیدەری ڕێژیمی ئێران بۆ وێرانکردنی زیاتری وڵات و کۆمەڵگا دەبن. لەوانەشە دەسەڵاتدارانی ڕێژیمی ئێران ئەم سیاسەتە بگرنە پێش تاکوو ڕۆژێك لە ڕۆژانی هەینی بە باوەری پڕ لە هەڵەیان، ئەوەندە بە فەساد و زوڵم لە کۆمەلگای ئێران پەرە بدەن کە بەستێنی هاتنی ئیمامی زەمان زیاتر ئامادە بکەن و تا هاتنی ئەم کەسایەتییە کە خەڵکی ئێرانیان پێوە سەرقاڵ کردووە، دەسەڵاتدارانی ڕێژیمی ئێرانیش بە ئامانجەکانیان بگەن کە هەمان درێژەی زۆرداری بەسەر خەڵکدا و پەرەپێدان بە سیاسەتە فاشیستییەکانیان و لە ئاکامیشدا لەنێوبردنی ماڵ و سامانی ڕاستەقینەی وڵاتە کە هەمان منداڵانی بێتاوانی کۆمەڵگان

# ڕۆشنبیر؛ ویژدانی کۆمەڵگا

**شارام میرزایی**

ڕۆشنبیر مافی ئەوەی هەیە کە ڕەخنە بگرێت و پرسیار لە تەواوی لایەنگەلی کۆمەڵایەتی بکات و بە بیری کراوە شییان بکاتەوە و بەرچاویان بخات، ئەگەرچی ئەم کارە لە گەل "یەکگرتوویی بیری کۆمەڵگا" دژایەتی هەبێت.

ئەمە بنەمایەکی ئیدواردییە (ئیدوارد سەعید ڕۆشنبیری عەرەب)،

واتە ڕۆشنبیر نابێت لە هیچ کاتێك و لە هیچ بارودوخێکدا ڕەخنەگەری فیدای یەکگرتوویی بکات. ئەمە ڕادیکاڵترین تایبەتمەندییە بۆ بیر و بۆچوونی ڕۆشنبیر. بە ڕاستی چییەتی ڕۆشنبیر لەگەڵ هەڵپچراندنی ئەم تایبەتمەندییە تووشی گیر و گرفت نابێت؟ ئایا فیدا کردنی ڕەخنەگری بەم بیانووە — کە ڕەخنەگری دەبێتە هۆی لەکیسچوونی یەکگرتوویی — ڕۆشنبیر ناکاتە مرۆڤێکی سیاسی، کە دۆخە ڕامیاری — کۆمەڵایەتییەکان، بۆی دیاری دەکەن کە سەبارەت بە چ شتگەلێك باس بکات و سەبارەت بە شتگەلێك باس نەکات؟

لە ڕاستیدا، لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست بە تایبەت لە ئێراندا، ئەم کێشەیە فراوانتر و ئەم پرسیارگەلە بەرچاوترن، ئەویش لە بارودۆخێکی نائاسایی کە ڕۆشنبیری ئەم ناوچەیە تووشی دەبێت و بە شێوەگەلێك ناکۆکی لە کردار و گوتاریان دەبینرێت کە ڕەنگە لە کەمتر شوێنێك لەم دنیایە ببیندرێت و ئەمە دەرخەری ئەوەیە کە کاراکتری ڕۆشنبیری فیدای بارودۆخێکی ڕامیاری — کۆمەڵایەتی بووە . لێرەدا گرنگترین تایبەتمەندیی ڕۆشنبیر واتە "ڕەخنەگری" پەراوێز دەخرێت و ڕۆشنبیر دەکاتە هزروانێکی پارێزکار. بەم هۆیەوە نابێت ڕۆشنبیر خۆی بخاتە ژێر سێبەری ئایدۆلۆژیایەکی تایبەت، واتە خۆی بە ئەندیشەیەکی تایبەتەوە بەرتەسك ناکاتەوە و ڕاستییەکان لە ڕوانگەی مەکتەبێکەوە نابینێت، بەڵکوو ئەمە "ڕاستییە" کە دەبێت بە ئامرازی هەڵسەنگاندنی هەموو شتێك .

لە ڕاستیدا ڕۆشنبیر لە هەرێمی "ڕاستی و دادوەری و ئاشتی"دا بیر دەکاتەوە و ڕەخنەگەریی ئامرازێکە بۆ شی کردنەوە و بیر کردنەوە لەم سێ چەمکە سەرەکییە، بەڵام لە کۆمەڵگای کوردەواریدا بە هۆی دۆخی نائاسایی ڕامیاری — کۆمەڵایەتیی ئەم ناوچەیە، لە لایێکەوە کۆمەڵگا گوشارێکی ئەوتو دەخاتە سەر ڕۆشنبیر کە بۆ پاراستنی یەکگرتوویی دەس لە ڕەخنە هەڵبگرێ، لە لایێکی دیکەشەوە، ئەمە ڕۆشنبیرە کە خۆی سانسۆر دەکات.

هۆکارەکانی ئەم دیاردە — خود سانسۆری لە لایەن ڕۆشنبیری کوردەوە —بریتین لە: ١) پاراستنی یەکگرتوویییەکی نادیار.

٢) ترس لەوەی کە لە لایەن دەسەڵات بە خیانەتکار تومەتبار بکرێت.

لە ڕاستیدا ئەم یەکگرتوویییە کە لە ئەتموسفێرێکی بەتاڵ لە ڕەخنە پێکدێت، تەنیا هەستێکی مالیخولیایی بە کۆمەڵگا دەبەخشت و هێندە کۆمەڵگا دەباتە نێو وەهم، کە دەتوانین بڵێین: بەرچاوترین ڕاستییەکانی کۆمەڵگا لە ناخی ئەو وەهمە شیرینەدا دەشارێتەوە و لە ئاکامدا کۆمەڵگایەکی نەخۆش کە بەرەو قەیرانێکی هەتاهەتایی دەچێت پێکدەهێنت. بەداخەوە لە کوردستانی ئێران بە ڕوونی دەبینین کە چلۆن کۆمەڵگا تووشی هەڵەگەلی مێژوویی بووە و ڕۆشنبیر نەیتوانیوە ئەرکی خۆی جێبەجێ بکات. پێویستە کۆمەڵگای ڕۆشنبیری، ڕووداوە مێژوویییەکان و کێشەگەلی کۆمەڵایەتی و گیروگرفتەکانی بیر و ڕای خەڵک، لە هەموو بوارێکەوە بخاتە پێشچاو و بە شێوەیەکی زانستی شییان بکاتەوە، بۆئەوەی لە داهاتوودا هەڵە مێژوویییەکان دووپات نەبنەوە و مرۆڤی کورد لە ئەزموونی ڕابردووی نەتەوەکەی بۆ دارشتنی کۆمەڵگایەکی مرۆڤ پەسەند کەڵك وەربگرێت. ئەگەرچی ئەم کارە — پرسیار و ڕەخنە — دەبێتە هۆی بەزاندنی سنووری تابۆکان و بەرچاوخستنی کێشەگەلی ڕامیاری — کۆمەڵایەتی، کە کۆمەڵگای ئەمڕۆی ئێمەیان تووشی قەیران کردووە و ئەگەر چارەسەر نەکرێن و بخرێنە پشتگوێ، بێشك قەیرانەکانی داهاتوو زیاتر دەکا.





# پۆلێک لە لاوانی دەروەستی کورد لە کرماشان پەیامی هاوخەمییان ئاراستەی حیزبی دێموکرات کرد

بەبۆنەی کۆچی دوایی تێکۆشەری دێرینی گەل و کادری ڕێبەری حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران، عەبدولڕەزا کەریمی ناسراو بە کاک عەبوو، پۆلێک لە لاوانی کورد لە شاری کرماشان پەیامێکی هاوخەمییان ئاراستەی گەلی کورد و حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران کرد.

دەقی پەیامەکە:

بە ناوی بەرزەناوی کورد و کوردستان

بە داخ و پەژارەیەکی زۆرەوە، هەواڵی دڵتەزێنی کۆچی دوایی تێکۆشەری ماندوونەناس و ڕێبواری ڕێگای پێشەوای نەمرمان قازی موحەمەد و شەهید قاسملوو، کاک عەبدولڕەزای کەریمی ناسراو بە کاک عەبوومان پێگەیشت.

کاک عەبوو شێرە کوڕەکەی کرماشان و ڕۆڵەی تێکۆشەری ئاو و خاکی کوردەواری و پەڕاوی سەربەرز بوو کە بە درێژایی تەمەنی پێشمەرگایەتی و ئەندامیەتی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران وەکوو کادرێکی دڵسۆز و نیشتمان پەروەر، بە دڵ و گیان لە بست بە بستی وڵاتە جوانەکەمان، بۆ بە دی هاتنی ئاواتەکانی کورد و کوردستان خەبات و تێکۆشانی کرد.

ئەمڕۆکە ئەگەر ئێمە وەک ڕۆڵەکانی کرماشان و ئیلام لە نێو گۆڕەپانی خەباتی ڕزگاریخوازانەی گەلەکەماندایین و بەشداری ئەم خەباتەین ، بە هۆی بوونی گەورە پیاوێکی وەکوو مامۆستا "عەبوو کەریمی"ە وەیە کە مەشخەڵی تێکۆشانی شوناسخوازی و مافخوازی لە ناوچەی باشووری زاگروس بۆ ئێمە داگیرساند.

بەم بۆنەوە ئێمە ئەندامانی تەشکیلاتی نهێنی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە شاری کرماشان پرسە وسەرەخۆشی خۆمان ئاراستەی بنەماڵەی بەڕێزیان و سەرجەم ئەندام و هاوڕێیانمان لە حیزبی دێموکرات و خەلکی کورد بە گشتی و خەڵکی کرماشان و ئیلام بە تایبەتی دەکەین.

هەر لێرەیشەوە ئێمە ڕۆڵەکانی بێستون و تاقوەسان و دالاهووی سەربەرز بەڵێن و پەیمانی خۆمان لەگەل بنەماڵەی شەهیدانی کوردستان و هەروەها حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران دووپات دەکەینەوە و سوێند دەخۆین کە تاکوو دوایین دڵۆپی خوێنمان دەس لە خەبات و تێکۆشان بۆ بە دەست هێنانی ئازادی و بە دی هێنانی ئاواتی گەلەکەمان هەڵنەگرین.

هەر بژی دێمۆکرات

هەر بژی ڕاسان

هەر بژی کورد و کوردستان

## به یادی کاک عەبدولڕەزا کەریمی

## بێستوون ئۆغربێ

**شەریف فەلاح**

بێستوون، ئەی شاخی بەرزی سەر بەتەم
خێرە، ناوەختە مەپۆشە بەرگی خەم
هێشتە زوویە، جێ مەهێڵە شارەکەت
دەنگی داوە کۆچە ماتەم بارەکەت
یاری دێرینی هەقیقی کاک ئەبوو
دەم دەمی ڕاسانە کاتی کۆچ نەبوو
شەنگەسواری بێستوون، هاوڕێی خەبات
کۆچی ناوادەت تەزاندی گشت وڵات
کەی ڕەوایە بۆت بڵێین چیرۆکی خەم
دابباری ئەشکی چاومان چەشنی چەم
سەرهەڵێنە چاوگی بێستوونی دڵ
ڕاپەهەژێنە زێدی عەشقی پڕ لە گوڵ
چاوەڕێتم ڕابەری ڕووگەی ئەوین
بێ تۆ ناخەملێ هەواری باخی ژین
٢٥ی ڕێبەندانی ١٣٩٥ی هەتاوی —هەولێر



قامەتی شاهوو، هیوری بێستیون
پەڕاو دالاهوو، هەڵیو ئاسای دیون
زرێوار زانی لە زەلیای زانست
مانێشت وە نیشان مایشت کەی وە سیون!

" ئاوات ساروج "




# ئاسته‌نگه‌كانی به‌رده‌م سه‌ربه‌خۆیی باشووری كوردستان

**ئه‌لبۆرز ڕووئین ته‌ن**

بۆ گەلێکی وەکوو گەلی کورد، کە مێژووی ژینۆساید و کیمیابارانەکەی لە سەردەمی نوێدا زۆر دوور نیە، لە ژێر هەوڵ و خەبات و تێکۆشانی خۆیدا گەیشتبێ بە قوناغێک لە خەبات کە نزیک بووبێتەوە لە بڕیاردان بۆ چارەنووسی هەمیشەیی خۆی و درووست کردنی دەوڵەتێکی سەربەخۆ، کە بەر لە هەموو شتێک پێشگیری بکات لە ژینوسایدی دووبارەی خۆی و پاشان شوێندانەریی هەبێت لە سەر هەموو ڕەهەندە کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئابوورییەکانی خۆی نە تەنیا بۆ ئێستا، بەڵکوو بۆ سەدساڵی داهاتووش هەر بەردەوام دەبێت. ئەگەر بێت و کورد لەو قوناغە هەستیارەدا بە دەرس وەرگرتن لە مێژوو و هەبوونی تێڕوانینێکی ڕوون بۆ داهاتوو نەجووڵێتەوە، ئەوە ئەگەری دووبارە ڕوودانی هەموو نەهامەتییەکانی سەد ساڵی ڕابردوو لە ئارادا هەیە، و بە پێچەوانەش دەتوانێ سەد ساڵی داهاتوو بە شێوەیەک بۆ کورد درووست بکات کە، بەر لە هەمووشتێک کەرامەت و ئازادی بۆ خۆی بگەڕێنێتەوە، و پاشانیش لە جێگای شەڕ و گیانفیداکردن بۆ نیشتمان، بیاڤەکانی وەکوو پێشکەوتنی ئابووری و کۆمەڵایەتی بکاتە ئەرکە سەرەکییەکانی خۆی. بەڵام بە چاوپێداخشاندنێکی خێرا بە دۆخی ئێستای باشووری کوردستان، زۆر بە ڕوونی دەبینین کە هەرێمی کوردستان خاوەنی حکوومەتێکی یاساییە کە حوکمڕانیی کوردستان دەکات، و خاوەنی لەشکرێکی فراوانە کە دەتوانێ بەرگری لە نیشتمان بکات، و خاوەنی ئابووریەکە کە دەتوانێ سەربەخۆ گرێبەست لە گەڵ دونیای دەرەوە ببەستێ، و لە هەمانکاتدا خاوەن پەیوەندی دیپلۆماسییە کە شوێن و پێگەی تایبەتیی خۆی هەیە لە لای زلهێزەکانی ناوچەیی و جیهانی، و هەروەها زۆر بابەتی دیکە کە بەشێکن لە پێویستییەکانی هەر دەوڵەتێکی سەربەخۆ. دیارە دەتوانین لەسەر کوالیتی ئەو فاکتەرانەی سەرەوە باس بکەین کە چەند پێشکەوتوون یا لە ئاستی پێویستدا هەن یا نە، بەڵام ئەوەی گومانی لە سەر نیە ئەوەیە کە، هەموو ئەو فاکتەرە پێویستانە، ئامادەن.بۆیە لێرەدا ئەو پرسیارە دروست دەبێت کە، گەلۆ ئاستەنگەکانی بەردەم ڕاگەیاندنی فەرمیی سەربەخۆیی هەرێمی کوردستان چین، کە سەرەڕای هەموو ئەو فاکتەرانەی سەرەوە، تا ئێستا نەیتوانیوە سەربەخۆیی ڕابگەینێ؟ چوونکە بە شی کردنەوە و چارەسەریی ئەو ئاستەنگانە دەتوانین هەنگاوی گرینگ هەڵبگرین، بە تایبەتی کە ئەو دەرفەتە مێژووییە ئێستا لەبارە بۆ گەلەکەمان.

یەکەمین ئاستەنگی بەردەم سەربەخۆیی دەگەڕێتەوە بۆ حوکمڕانیی ئەو چەند ساڵەی ڕابردووی حکوومەتی هەرێمی کوردستان کە نەیتوانیوە سیاسەتێکی پەروەردەیی و ڕاگەیاندنیی هەبێت بۆ بەرجەستە کردنی هێما نەتەوەییەکان و هەستی نیشتمانپەروەری لەنێو خەڵک و بە تایبەتی جیلی نوێدا. ڕاستە ئامار یا ڕاپرسییەک لەو بوارەدا لەبەردەستدا نیە، بەڵام سەرەڕای ئەو مێژووە خوێناوییەی کە هەمانە، نەمانتوانیوە لە ماوەی ڕابردوودا پرسە نەتەوەییەکان بکەینە ئەولەوییەتی یەکەمی خەڵک، بەڵکوو خۆشبژیویی خەڵک بابەتی سەرەکی و جێگەی بایەخی دەسەڵاتی کوردی و خەڵک بووە. من لێرەدا قارەمانییەتی پێشمەرگە و بەرگریی پێشمەرگە باش دەبینیم، کە تەنیا هۆکاری بەرەوپاش نەچوونی گەلی کوردە بە باوەڕی من، بەڵام گەورەترین بەڵگە بۆ سەلماندنی ئەو ئاستەنگە ئەوەیە کە؛ بۆچی لەکاتێکدا لە ژێر چەپۆکی بەعسدا بووین بە دەیان خۆپیشاندان بۆ بەدەست هێنانی ماف و ئازادی لە کوردستان ڕێکخران، بەڵام لەو چەند ساڵە کە خەڵکی کوردستان ئازادییەکی تەواوی هەیە، نەیتوانیوە ڕێپوانێک ڕێک بخات بۆ داوا کردنی سەربەخۆیی؟ چوونکە ئەو هەستە نیشتمانپەروەرییە ئەوەندە بەهێز نابینم کە ئەو بابەتە بکاتە ئەولەوییەتی یەکەمی خۆی. ئاستەنگی دووهەم نەبوونی پلان و بەرنامەیەکی هاوبەش لە نێو هێزەکانی گوڕەپانی سیاسەتە لە باشووری کوردستان. واتە بۆ بابەتێکی ئاوا گرینگ، پێویستە بەرنامەیەکی پوخت لە لایەن هەموو هێزەکان دابڕێژرێت، بە هەماهەنگی لە گەڵ یەکتر دەبێ بەرەوپێشی ببەن. ئەوە پێویستییەکی زۆر گرینگە کە لە ئێستادا نابینرێ، تەنانەت جیاوازیی بیروبۆچوون سەبارەت بە چۆنیەتی و کاتی ڕاگەیاندنی سەربەخۆیی هەیە، تەنانەت گرفت و کێبڕکێ و ناکۆکیی سیاسیی تریش تێکەڵ بەو بابەتە نیشتمانییە کراوە و ئەوەش شوێندانەرییەکی نەرێنیی زۆری لە کوردستان داناوە. هێز و لایەنە سیاسییەکانی باشوور دەتوانن لە گۆڕەپانی سیاسەتی نێوخۆییدا زۆر جیاواز بیر بکەنەوە و تەنانەت هەوڵ بدەن کە حکوومەت و دەسەڵات بگرنە دەست، بەڵام نابێت ئەو ناکۆکییانە لە بابەتی نیشتمانیدا ڕەنگ بداتەوە، و تەنانەت کار بگاتە جێگەیەک کە لە بەغدا خاوەنی سیاسەتی دژ بە یەک بن.بۆ ئاستەنگی سێیەم دەتوانم ئاماژە بە ژێئۆپۆلیتیکی کوردستان بکەم و ئەو دابەشکارییە کە لە چەند سەد ساڵی ڕابردوودا تووشی کوردستان بووە، وا دەکات کە هەر بڕیارێک کە بۆ سەربەخۆیی دەدرێت ڕاستەوخۆ یا ناڕاستەوخۆ پەیوەندی بە هەموو وڵاتانی ناوچە و تەنانەت زلهێزەکانیشەوە هەیە. ئەوە بەو مانایە نیە کە دەبێ ڕەزامەندیی وڵاتانی جیران و ناوچە تەنانەت زلهێزەکان ببێتە بابەتی سەرەکی و کلیلی سەربەخۆیی، بەڵکوو دەبێ هەمیشە قسەی یەکەم و کۆتایی لەلایەن خەڵکی کوردستانەوە بکرێت، بەڵام هاوکات لەگەڵ ئەوە، لە سیاسەتدا دەبێ هەموو ئەو کاریگەرییانە ڕەچاو بکرێن. لێرەدا دەبینین کە بە دروست کردنی پەیوەندیی زۆر باش لە گەڵ تورکیە و کردنەوەی دەرگای ئابووری و ڕێگەی گەیشتن بە دەریای ئازاد، تا ڕادەیەکی زۆر هاوکار بووە بۆ سەربەخۆیی زیاتری هەرێمی کوردستان، بەڵام وڵاتێکی تری وەکوو ئێران لە زۆر ڕووەوە توانیویەتی کاریگەر بێ لە سەر نەدرکاندنی سەربەخۆیی لە کوردستان، چوونکە لە سیاسەتی کۆماری ئیسلامیی ئێراندا، هەرێمی کوردستانێکی ئازاد جێگەی نابێتەوە، چوونکە بە هەموو شێوەیەک دژی بەرژەوەندییە چەپەڵەکانی کۆماری ئیسلامییە. لە ماوەی ڕابردوودا "سەفەوی" ڕاوێژکاری سەربازیی خامنەی و بەرپرسی پێشووی سوپای پاسداران لە وتەیەکدا ڕایگەیاند کە؛ ئەگەر بێتو بارزانی سەربەخۆیی ڕابگەیەنێ، کوردستان تووشی زۆر گرفت دەبێ، چوونکە کوردستان گەمارۆ دراوە، واتە هێزەکانی دۆستی ئێمە دەتوانن ڕێگر بن لە پەیوەندی گرتنی هەرێمی کوردستان لەگەڵ جیهانی دەرەوە. ئەگەر چاوخشاندنێک بە نەخشەی هەرێمی کوردستان بکەین، بەشێکی زۆری هاوسنوورە لەگەڵ کوردستانی ڕۆژهەڵات کە لە ژێر داگیرکاریی خۆیدایە، و بەشێکی لە ژێر حوکمی عێراقدایە و حەشدی شەعبی لێ جێگیر کراوە کە فەرقێکی ئەوتۆی لەگەڵ سوپای پاسدارن نییە، و بەشێکی هاوسنوورە لەگەڵ کوردستانی ڕۆژئاوا و کوردستانی باکوور، کە لە ژێر کاریگەریی هێزەکانی پەکەکەیە واتە ڕێژیمی ئیسلامیی ئێران دەیهەوێ بەو شێوەیە ڕێگری بکات لە ڕاگەیاندنی سەربەخۆیی هەرێمی کوردستان. لەوانەیە زۆر هێز و لایەنی وەکوو عەرەبستان و ئۆردون یا وڵاتانی دیکەی ناوچە ڕێگر نەبن لەبەردەم ڕاگەیاندنی سەربەخۆیی هەرێمی کوردستان، بەڵام ناشتوانن هەموو هەوڵێک بۆ پشتگیری هەرێمی کوردستان بدەن. هەر بۆیەش ئەو ژێئو پۆلتیکە زۆر هاوکاریی کوردستان ناکات لە ڕاگەیاندنی سەربەخۆییدا .ئاستەنگی چوارەم نەبوونی سیاسەتێکی ڕوونی زلهێزەکانی وەکوو ئامریکا لە دەوڵەتی ئۆباما بوو، چوونکە هەر سیاسەتی ئۆباما بوو کە بووە هۆی شڵەژانی زیاتری ناوچەکە و ڕێگەخۆشکردن بۆ دەستێوەردانی زیاتری لە کۆماری ئیسلامی لە ناوچە و ئەوەش بووە هۆی ئەوەی کە باڵانسی هێز بە تەواوی لەو ناوچە تێکبچێت، و ئەو چەندەش کاریگەری لە سەر هەموو هاوکێشە سیاسیەکان دانا، هەر بۆیە زۆر بە هەستیاری بەرەوڕووی ئەو پرسە دەبنەوە، بۆیە چاوەڕوانی کرداری خودی کوردستان دەکەن، چوونکە چەندین جار ئەو چەندە لەلایەن مەسعوود بارزانییەوە ڕاگەیاندراوە کە ئەوان ڕێگر نابن و لەوانەیە دواتریش هاوکاری بکەن، بەڵام دەبێ هەنگاوی یەکەم لەلایەن خودی کوردستان بهاوێژرێ. ئێستاش بە هاتنی ترامپ و لەبەرچاوگرتنی سیاسەت و گوتاری ئامریکا لە سەردەمی نوێدا، دەبێ چاوەڕوانی هەموو شتێک بین، چوونکە بە گوێرەی ئەو دژایەتییە ڕوون و ئاشکرایەی ترامپ لەگەڵ ئێران، ئەگەری پشتیوانیی زیاتر لە دەوڵەتی ئۆباما، لە هەرێمی کوردستان دەکرێت.لە نێوان ئەو هەموو ئاستەنگانەدا، حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بە دەستپێکردنی قۆناغێکی نوێی خەبات لە ژێر ناوی "ڕاسان"، کە وێڕای گوڕانکاریی زۆر لە بزاڤی سیاسیی کورد لە کوردستانی ڕۆژهەڵات، بۆتە هۆی گوشارێکی زۆریش لە سەر ڕێژێمی کۆماری ئیسلامیی ئێران، کە دژایەتی سەربەخۆیی هەرێمی کوردستان دەکات. هەر بۆیەش دەبێ ئەو چەندە زۆر بە گرنگ سەیر بکرێت.سەرەڕای هەموو ئەو ئاستەنگانە، کورد بۆ گەیشتن بە سەربەخۆیی تەنیا پێویستی بە چارەسەری ئاستەنگی یەکەم و دووهەم هەیە، چوونکە ئەوانە پەیوەندی بە نێوخۆی هەرێمی کوردستانەوە هەیە، واتە دروست کردنی ئیرادە بۆ بڕیاردان لە سەر کاری گەورە، ئەگەر ئەو ئیرادەیە هەبێت هەموو ئاستەنگەکانی دیکە پووچەڵ دەکرێتەوە. بێگومان بڕیاری وا لە ناوچەیەکی وا، ئاسان نیە، بەڵام بە درێژایی مێژوو ئەوە بەدی کراوە کە؛ هیچ هێزێک ناتوانێ بەرگەی هێزی ئیرادەی گەلێک بگرێت. بۆیە جیا کردنەوەی پرسی سەربەخۆیی لە ناکۆکیە نێوخۆییەکانی کوردستان، دەبێتە هۆکاری سەرەکیی هەڵگرتنی یەک بە یەکی ئەو ئاستەنگانە. بێگومان دەبێ لێرەدا ئاماژە بە گرنگیی ئەو دەرفەتە بکرێت کە بۆ سەربەخۆیی کوردستان دروست بووە، کە لە دوای لۆزان و سایکسپیکۆ و دوای تێپەڕ بوونی سەد ساڵ، تازە ئەو دەرفەتە ڕەخساوە، هەر بۆیەش دەبێ لە دەستی نەدەین، بە تایبەتی ئێستا کە ئاستەنگەکان زیاتر نێوخۆیین نەک دەرەکی.

## نوێنه‌ری حیزبی دێموكرات به‌شداریی له‌ سێمنیاری مێری‌دا كرد




نوێنەری حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بەشداریی لە سێمیناری ئەنیستیتۆی توێژینەوەی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست "MERI" لە هەولێری پێتەختی هەرێمی کوردستاندا کرد.

ڕۆژی سێشەممە ڕێکەوتی ١٩ی ڕێبەندانی ١٣٩٥ی هەتاوی، لە سەر بانگهێشتی فەرمیی ئەنیستیتۆی مێری، محەممەد ساڵح قادری بەرپرسی دەفتەری نوێنەرایەتی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە شاری هەولێر، بەشداریی لە سێمیناری تایبەت بە باکووری کوردستان و تورکیە، کە لە لایەن ئەنیستیتۆی "مێری"یەوە ڕێکخرابوو، کرد.

ئەم سێمینارە بۆ ناوەندی لێکۆڵینەوەی جڤاکیی"دیتام" لە شاری ئامەد لە باکووری کوردستان ڕێکخرابوو.

ناوەندی دیتام (DITAM)، دامەزراوەیەکی توێژینەوەیی زانستیی گشتگیری ناحکوومیە کە لە ساڵی ٢٠١٠ی زایینی لە شاری ئامەد دامەزراوە و لە بواری گەشەپێدانی هزری دێموکراسی، ئاشتی و مافی مرۆڤ و بەهێزکردنی ڕۆڵی کۆمەڵگای مەدەنی لە پێشخستنی چارەسەریی سیاسییانە و ئاشتییانەی پرسی کورد لە تورکیە خەبات دەکات.

لەو سێمینارەدا، جیا لە سەرۆک و بەڕێوەبەرانی ناوەندی دیتام و مێری، بە بەشداریی کۆمەڵێک لە کەسایەتی ئاکادیمی، توێژەر و کەسایەتی سیاسی و نوێنەری چەندین حیزبی سیاسی بەڕێوە چوو.

نوێنەری حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران لە بەشی بۆچوون و پرسیاردا، تیشکی خستە سەر ڕوانگەکانی حیزبی دێموکرات سەبارەت بە پرەنسیپە نەتەوەییەکان و مکانیزمی گونجاو بۆ چۆنیەتی هاوکاریی هێز و لایەنە سیاسییەکانی کوردستان لەگەڵ یەکتر و پێوەندی و هاوکارییان لەگەڵ ڕێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی، بۆئەوەی بە لەبەرچاوگرتنی تایبەتمەندی هەرکام لە بەشەکانی کوردستان، و بە بێئەوەی دەستێوەردان لە کاروباری یەکتردا بکەن، بتوانن تەواوکەری خەباتی یەکتر بن.

# مستەفا هیجری:
# ئەورۆ لەهاوکێشەکانی جیهاندا حسێب لەسەر هێز دەکرێ

**ئامادەکردن: چەکۆ ئەحمەدی**

دەقی قسەکانی کاک مستەفا هیجری، سکرتێری گشتی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران کە لە سێمینارێک بە ناوی "خۆرهەڵاتی نوێ" لە بنکەی دەفتەری سیاسی پێشکەشی کرد.

خوشك و برایانی خۆشەویست! جارێکی دیکە دەگەینەوە بەرەبەری کۆنگرە، کە دیارە هەموو کات گوتوومانە کۆنگرەکان گرنگن و هەرواش بووە بۆ ئێمە، بەڵام ئەم کۆنگرەیە تایبەتمەندی و جیاوازییەکانی لەگەڵ کۆنگرەکانی دیکەمان ئەوەیە کە ئێمە ماوەی چوار ساڵی ڕابردوومان لە دۆخێکدا تێپەڕاندووە کە ئاڵوگۆڕێکی یەکجار قووڵ و بەربەرین لە ئاستی جیهانی و ناوچە و تەنانەت لەنێوخۆی ئێرانیشدا هاتووەتە پێشێ. کۆنگرەی ئەمجارەمان بۆیە گرنگە کە ئێمە هەموومان بیر بکەینەوە بزانین دەتوانین ڕەوتی خەباتەکەمان لە ڕۆژهەڵاتدا بگەیەنینە ئاستێك کە هاوئاهەنگ بێ لەگەڵ ئەو ئاڵوگۆڕانەی لە جیهان و ناوچەی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا هاتوونەتە گۆڕێ و هەڵبەت بە لەبەرچاوگرتنی ئەو گۆڕانکارییانەی لە ئێران و کوردستاندا هاتووەتە پێشێ.

بۆ ئەوە بچمە نێو نێوەرۆکی باسەکە، ئیجازە دەخوازم سەرەتا باس لەوە بکەم کە ئێمە زۆر جار دەبیسین لە خەڵکی خۆمان و وڵاتانی دەرەکی کە لە کوردستانی ئێران، واتە لە ڕۆژهەڵاتدا هیچ جموجۆڵێك نییە، لەکاتێکدا ئاڵوگۆڕ لە هەموو جیهاندا هەیە، کورد لە هەموو بەشەکاندا لە تێکۆشانی بەردەوامە، بەڵام لە ڕۆژهەڵات هیچ دەنگێك نییە. زۆرجاریش باس لەوە دەکەین کە ئێمە وەك حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران حیزبێکین بە ٧٠ ساڵ ڕابردووەوە، کە تاکوو ئێستا ڕێبەرایەتیی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانی بەدەستەوە بووە. لە پێناو ئەو خەباتەدا بە هەزاران شەهیدمان داوە و خەڵکمان ئاوارە بووە، ئەندامانمان کەمئەندام بوون و خەڵکەکەمان لە وڵاتەکەی خۆیاندا دەربەدەر بوون و بەهایەکی یەکجار مەزنمان داوە. بەڵام لەگەڵ هەموو ئەوانەدا کوردستان، واتە کوردستانی ئێران لە ڕۆژەڤدا نییە.

ئایا ئەوەی کە کوردستانی ئێران لە ڕۆژەڤی ناوچە و جیهاندا نییە، کێشەکەی دەگەڕێتەوە سەر بارودۆخی دونیا، یان خۆمان وەك کوردی ڕۆژهەڵات یا هۆکاری دیکە؟

ئەوەی کە ئەورۆ ئێمە دەیبینین، ئەزموون ئەوەیە کە لە بەشەکانی دیکەی کوردستاندا خەباتێکی جیددی و بەردەوام لەگۆڕێدایە، هەڵبەت هەر پارچەیەک بە گوێرەی بارودۆخی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ناوچەیی خۆیەوە. کاتێك خەباتێکی جیددی لەگۆڕێدا بێ بێگومان دەکەوێتە بەر باس، لەوانەیە کەسێك ڕەخنەی لێ بگرێ و یەکی دیکە پێی باش بێ، بەڵام بە هەرحاڵ دێتە نێو باس و هاوکێشە ناوچەیی و جیهانییەکانەوە. ئەوەی کە دەبینین لە باکووری کوردستان، لە ڕۆژئاوا و لە باشووریش پرسی کورد لە ڕۆژەڤدایە، باسی ڕۆژانەیە لە کۆڕ و کۆبوونەوە بڕیاردەرەکانی جیهان، لە ڕاگەیەنەکان و ...هتد، قسە و باسیان لەسەر دەکرێ و لە هاوکێشەکاندا جێگای تایبەتیان هەیە.

ئێمە زۆر جار باس لەوە دەکەین کە حیزبی دێموکرات ٧٠ ساڵ ڕابردووی هەیە، ئێمە مافی مرۆڤ دەپارێزین، حیزبێکی دێموکراتین، لاییکین و زۆر تایبەتمەندیی دیکە کە ئەمانە هەموویان جێی شانازین و دەبێ وایش بێ. بەڵام دەبینین ئەوە بەس نییە. گرنگ ئەوەیە تۆ وەکوو کورد، هێزی یا هێز نیت؟ ئەوەی کە ئەورۆ لە هاوکێشەکانی جیهاندا حسێبی لەسەر دەکرێ، هێزە، هێزی شوێندانەر. کە تۆ بووی بە هێزێکی شوێندانەر، ئەگەر لەبەر قازانج و بەرژەوەندی خۆیشت نەبێ، ناوەندەکانی بڕیار لە دونیادا حیسابت لەسەر دەکەن. کەوایە، بۆ ئەوەی ڕۆژهەڵات ببێتە بابەتی باسی ناوەندەکانی بڕیار و نێونەتەوەیی و ناوچەیی، یەکەم شت کە ئێمە وەکوو حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بیری لێبکەینەوە، دەبێ کار بکەین بۆ ئەوەی ڕۆژهەڵات ببێتە هێزێکی شوێندانەر. کەوایە، شوێندانەر بوونی هێزە کە خەڵکێك، ناوچەیەك یا دەوڵەتێك مەترەح دەکات و دەیهەوێ لە هاوکێشەکاندا جێگای بکاتەوە. ئەو ئەسڵە ئەسڵێکی زۆر زۆر گرنگە. دەبێ هەموو حەرەکەتەکانمان، خەباتمان (مەدەنی، چەکداری، دیپلۆماسی)، تەشکیلات و هەموو شتێکمان لە ڕاستای ئەوەدا بێ کە ڕۆژهەڵات ببێتە هێزێکی شوێندانەر. دیسان دووپاتی دەکەمەوە کە: لە جیهانی ئەمڕۆدا گرنگ ئەوەیە هێزی شوێندانەر بی. بۆ سەلماندنی ئەو بابەتە نموونەی یەکجار زۆر هەیە کە ئێوە بۆ خۆتان لە بەدواداچوونی هەواڵەکاندا ڕۆژانە ئەو بابەتە دەبینن. لەو پێوەندییەدا نموونەیەکی زۆر بچووکتان بۆ بێنمەوە. پ ک ک لەلایەن ئامریکاوە بە هێزێکی تیرۆریستی ناسراوە و لە لیستی تیرۆری ئەو وڵاتەدایە، بەڵام پ.ی.د لە سوورییە کە لقێکی پ ک ک یە، دەڵێ نا ئەوە پ ک ک نییە، چونکوو لەوێ هێزە و هێزی شوێندانەرە، بۆیە دەیخاتە نێو هاوکێشەکانی خۆیەوە و یارمەتیی بۆ دەنێرێ. ئەوەش لە بەشەکانی دیکەی ناوچەدا کە بەشێکیان زۆر زۆر لە ئێمە نزیکن، هەر بەو شێوازە دەچێتە پێشێ. بۆیە بابەتی سەرەکی بۆ ئێمە کە ئێستا بەرەو کۆنگرە دەچین، دەبێ ڕێگاکەمان خۆش بکەین بۆ کۆنگرە، بۆ ئەوەی دەستی ئێمە وەك حیزبی دێموکرات و وەکوو خەڵکی کورد ئاوەڵا بێ تاکوو ببێتە هێزێکی شوێندانەر. لێرەدا ئەو پرسیارە دێتە گۆڕێ کە چ شتێکن کە دەتوانێ یارمەتیدەر بن بۆ ئەوەی ڕۆژهەڵات ببێتە هێزێکی شوێندانەر؟

بە بۆچوونی من یەکەم شت بۆ ئەو بابەتە ئەوەیە کە ئێمە دەبێ جارێکی دیکە ڕۆژهەڵات بناسین. بۆ دەڵێم ڕۆژهەڵات بناسین؟ خۆ ئێمە هەموو هی ڕۆژهەڵاتین. بەڵام ڕۆژهەڵاتێك کە ئەورۆ هەیە، لەگەڵ ٣٠ تا ٤٠ ساڵ لەوەپێش جیاوازیی زۆرە. بۆ ناسینی دووبارەی ڕۆژهەڵات گرنگە؟ چونکوو ئێمە خەباتەکەمان لە ڕۆژهەڵاتە. خەباتەکەمان بۆ ڕۆژهەڵاتە. ناکرێ تۆ بۆ کۆمەڵگا یا جێگایەك خەبات بکەی، بەڵام ئەو کۆمەڵگایە نەناسی. بۆیە ناسینەوەی دووبارەی ڕۆژهەڵات خاڵێکی یەکجار گرنگە. لە ماوەی ئەو سێ دەیەدا، ڕۆژهەڵات لە هەموو بارێکەوە ئاڵوگۆڕی بەسەردا هاتووە. لە ڕووی کولتووری، زانست و زانیاریی و تەنانەت لە ڕووی جوگرافیاییشەوە ئاڵوگۆڕی بەربڵاوی بەسەردا هاتووە. ئێمە لە ماوەی ئەو دوو ساڵەدا کە پێشمەرگەکانمان چوونەتەوە ناوچە، زۆربەی پێشمەرگەکانمان لە گەڕانەوەدا بۆیان باس کردووین کە ئێمە تەنانەت لە گوندەکەی خۆشماندا ناسیاویی تەواومان نەبووە، هێندە ئاڵوگۆڕی بەسەردا هاتووە!

کەوابوو دەبێ ئەو کوردستانە بناسین. تایبەتمەندییەکانی ئەو کوردستانە نوێیە، یا ڕۆژهەڵاتی نوێ، گرنگترینیان ئاڵوگۆڕی هزر و کولتوورە. لەوێ نەوەیەکی نوێ هاتووەتە مەیدان، لە خوێندندا پلەی بەرزی هەیە، بەو بۆنەوە ئاستی زانیاریی چووەتە سەرێ، دەستی بە ڕاگەیەنە گشتییەکانی هەموو جیهان دەگا، لە هەموو ئاڵوگۆڕەکانی ناوچەدا شارەزایی هەیە، بۆ ئەوە ناسینەوەی کوردستان گرنگە کە بتوانین خەباتەکەمان هاوئاراستە بکەین، هاوتەریبی بکەین لەگەڵ ئەو کۆمەڵگایە. ئەگەر نەتوانین هاوتەریبی بکەین، خەباتەکەمان ناچێتە پێشێ، یا زۆر بە زەحمەت و لەسەرخۆ دەچێتە پێشێ. ئەوە پرسێکی زۆر گرنگە کە دەبێ لەبەرچاو بگیردرێ. لەوانەیە هێندێ شت بێتە پێشێ کە ئێمە پێمان ناخۆش بێ، بۆمان قبووڵکراو نەبێ، بەڵام مادام ئێمە خەبات دەکەین و لە خەباتەکەماندا تێچووی گیانی دەدەین، دەبێ واقێعیەتەکان قبووڵ بکەین. بارودۆخی ژیان، بارۆدۆخی گوزەران، پیشە، نان، ئەوانە هەمووی کێشەی مەزنن کە بەرۆکی خەڵکی گرتووە. خەباتی ئێمە دەبێ لەو ڕاستایەدا بچێتە پێشێ و ئەو دۆخەی ژیانی خەڵك لەبەرچاو بگرێ بۆ ئەوەی بتوانێ پەرە بگرێ.

کۆماری ئیسلامیی ئێران لە ماوەی ئەو سێ دەیەدا، هەموو هەوڵی خۆی داوە و ئێستاش بەردەوامە کە خەڵکی کورد لە کوردستانی ئێراندا بێدەنگ بکات. بەڵام کردەوەی ئەو خەڵکە نیشانی دەدا خەڵك بەچۆکدا نایە. بە گوێرەی ئەو دەرفەتانەی هەیەتی خەبات و بەربەرەکانێ دەکات. بۆیە ئەوە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی تۆقاندووە. چونکوو ڕێژیم حیسابەکەی ئەوە بووە کە پێشمەرگە لە نێوخۆی کوردستاندا نییە، ئیدی مەیدان ئاوەڵایە و بە کەیفی خۆی خەڵکەکە سەرکوت دەکا و ئەو خەڵکە وردە وردە ڕادێن لەگەڵ سەرکوتەکانی ئەو ڕێژیمە. بەڵام ئێستا بۆ ڕێژیم دەرکەوتووە کە ئەو حیسابانەی لەسەر خەڵکی کورد کردووە، هەڵە بووە. بۆیە ئێستا ڕێژیم زیاتر لە هەموو شتێك، لەو هێزەی خەڵك دەترسێ و ئەوەش جووڵانی هێزی پێشمەرگە بۆ نێوخۆ نیشانی داوە.

ئەگەر سەرنجتان دابێ لەو کاتەوە کە تێکهەڵچوون لەگەڵ پێشمەرگە هاتووەتە پێشێ، پێشمەرگە ڕۆشتووەتەوە نێوخۆی وڵات و تاکوو ئێستاشی لەگەڵ بێ، ئەو پرسە بۆ ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی لەگۆڕێدایە. ئێستاش ڕێژیم بەردەوام خەریکە مانۆڕ پێکدێنێ و جووڵە بە هێزەکانی دەکا، خەڵك دەستبەسەر دەکا و بەرنامە دادەنێ کە چ بکات کە ئەو حەرەکەتەی خەڵك کە لە پشتیوانی کردنی هێزی پێشمەرگەدا دەستی پێکردووە، بتوانێ بێدەنگی بکا. لایەنێکی دیکەش ئەوەیە کە ئێمە، لە باری سیاسییەوە، هەموومان ئەوە دەزانین کە ویست و داخوازی کورد بۆ خەڵکی ڕۆژهەڵات بەتایبەتی و بۆ هەموو نەتەوەی کورد بەگشتی، قبووڵکراو نییە. بەشێکی زۆری بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە لە باری ئایدۆلۆژییەوە ئەو ویست و داخوازییەی ئێمەی کورد هەمانە، بۆ ڕێژیم مەوزووعییەتی نییە. لەگەڵ ئایدۆلۆژی و سیاسەتەکەی ناگونجێ. بۆیە بە هەموو شێوەیەك هەوڵ دەدا سەرکوتی بکا. تاکوو ئێستا سەرکوتکردن تەنیا ڕێگایەك بووە کە هەڵیبژاردووە. جاروبار لە مێژووی ئەو سێ دەیەدا پەنای بردووە بۆ وتووێژ، وتووێژەکەش بە مەبەستی خۆبەدەستەوەدان بووە. لە سەرەتای شۆڕشدا هەیئەتی نوێنەرانی کورد کە حیزبی دێموکرات بەشێك بوو لەوان، دیتمان کە کۆماری ئیسلامیی ئێران ئەودەمی ئەرتەشەکەی بڵاو ببوو و حکوومەت تازە پێکهاتبوو، بۆ ئەوەی کات بەدەست بێنێ و هێز ڕێکبخاتەوە، وتووێژێکی دەستپێکرد بۆ ماوەی نزیك بە ساڵێك، کە ئەرتەشەکەی ڕێکخستەوە، هێرشی کرد.

لە وتووێژ لەگەڵ هەیئەتی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران بە سەرۆکایەتیی شەهید دوکتور قاسملوو لە وییەن، دەرکەوت کە ئامانجی ئەوان لە وتووێژ ئەوە نەبووە کە بە ڕێکەوتن بگەن و لانیکەمی مافی نەتەوەی کورد بدەن. ئەوانە واقێعیەتێکن، بەڵام لە پەنای ئەوانەشدا یەك واقێعیەتی دیکە زۆر گرنگە و دەبێ لەبەرچاومان بێ. ئەویش ئەوەیە کە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی نیشانی داوە کە بۆ پاراستن و ڕاگرتنی دەسەڵاتەکەی خۆی، هەرکات لەژێر گوشاردا ترسی ئەوەی لێ بنیشێ کە حکوومەتەکەی دەڕووخێ، مل ڕادەکێشێ و خۆ بەدەستەوە دەدا. ئێمە ئەوەمان یەکەم لە شەڕی ئێران ـ عێراقدا دیت کە هەموان دەزانن کە دروشمی دەدا دەچێ عێراق دەگرێ و شتی لەوجۆرە، بەڵام کاتێك پێیان گوت کە چەك و چۆڵمان نەماوە و ترسی ڕووخانی دەسەڵات و حکوومەت هەیە، جامی ژەهری خواردەوە و قەراردادی ئاگربەستی لەگەڵ حکوومەتی ئەوکاتی عێراق واژۆ کرد. کە بۆ خۆیان ناویان نا "جامی زەهر" کە نەك لە ڕووی بیر و باوەڕ و قەناعەتەوە، بەڵکوو لە ڕووی ناچارییەوە خواردیانەوە.

حاڵەتێکی دیکە ئەودەمە بوو کە لە پێوەندی لەگەڵ پیتاندنی ئۆرانیۆمدا، ١٢ ساڵ کۆماری ئیسلامی لە وتووێژ و پیلانگێڕان لە دژی وڵاتانی ڕۆژئاوایی بوو. لە سەرەتادا وتووێژی کرد، لەگەڵیان سازا و قەوڵی دا، بەڵام دواتر بە نهێنی قەول و قەرارەکانی هەڵوەشاندەوە، کە ڕۆژئاوا پێیان زانی، ئەوجارە، گەمارۆیان خستە سەر.

هەمووتان دەزانن کە سەرەتای گەمارۆکان دەیانگوت ئەوە پەڕە کاغەزە، هیچ نییە و با هەر گەمارۆ بدەن، بەڵام کاتێك وەلیی فەقیهـ خامنەیی تێگەیشت کە بەو قسانە وڵاتی بۆ بەڕێوە ناچێ، کێشەی ئابووریی گەیشتووەتە ئەوپەڕی خۆی، بە دزی و تەنانەت بە بێ ئاگاداریی ئەحمەدی نژاد کە سەرکۆمار بوو، نوێنەری خۆی ناردە عەمان و لەگەڵ نوێنەری ئامریکا دانیشتن و سەرەتای سازان و ملکەچیی خۆیانی پێڕاگەیاندن، ئەوە بوو کە دوایی درێژەی کێشا و ئەو وتووێژانەی لێکەوتەوە کە بە ئاکام گەیشت و ئەو ئاکامەیە کە پێی دەڵێن بەرجام. ئەوە ئاکامی گوشارێکە کە لەسەر کۆماری ئیسلامییە، کەوابوو، ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران، ببینێ ڕۆژهەڵاتی کوردستان بووەتە هێزێکی شوێندانەر، کۆماری ئیسلامی ناچار دەبێ گوێی بۆ ڕاگرێ.

هەڵبەت مەسەلەکەمان تەنیا ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران نییە، من دەڵێم حکوومەتی تاران، هەرکەسێك لە تاران دەسەڵاتدار بێ. کەوابوو ئێمە وەك ڕۆژهەڵات، دەبێ ببین بە هێز بۆ ئەوەی حکوومەتی تاران لە ڕووی ناچارییەوە گوێمان لێ بگرێ. ئەو هێزەش دەبێ بۆ ساڵانێکی زۆر و ماوەیەکی درێژ هەروا بمێنێتەوە. مەبەستم ئەوەیە کە سبەینێ ئەگەر ئێمە بە مافەکانمان گەیشتین، نابێ لە خەڵك بێمنەت بین، دەبێ وەکوو هێز، هێزی شوێندانەر هەمیشە ببێ بۆ ئەوەی نەوێرن لە قەرار و مەدارەکانیان پاشگەز ببنەوە. گەرەنتیی ئێمە بۆ داهاتوو، ئەو هێزەیە کە دەبێ لە ڕۆژهەڵاتدا هەبێ.

یەکێك لەو خاڵانەی کە ڕۆژهەڵات ببێتە هێزی شوێندانەر و زۆر گرنگە، پرسی پەروەردەیە. پەروەردە کردن، پەروەردە کردنی ڕۆژهەڵات، ئەوە بە کادر و پێشمەرگە و ئەندامان و لاینگرانی حیزبەوە بگرە تا دەگاتە خەڵکی نیشتمانپەروەر و تێکۆشەر لە ڕۆژهەڵاتدا. ئەو بابەتە بۆیە گرنگە کە ئێمە وەك حیزبی دێموکرات لە پێش هەموو شتێکدا خۆمان لەو بیرۆکەیە دوور بخەینەوە کە تاکوو ئێستا جێی گرتووە کە پێشمەرگە هێزی ڕزگاریدەرە، واتە بە شێوەی ناڕاستەوخۆ بە خەڵکمان گوتووە پاڵدەنەوە ئاسوودە بن، ئێمە وەك هێزی پێشمەرگە دێین ڕزگارتان دەکەین. ئەوە دروشمێك بووە کە تاکوو ئێستا بێئاکام بووە، نە لە ڕۆژهەڵات، بەڵکوو لە هەموو بەشەکاندا، دەتوانم بڵێم جگە لە هێندێ هەڵکەوتی تایبەت، لە هەموو ماوەی خەباتی کورد لە هەموو بەشەکاندا، ئێمە نەمانبووە کە پێشمەرگە یا هێزی چەکداری کورد، کوردستان ڕزگار بکات و ئێستاش ناتوانێ. ئەو پرسە زۆر گرنگە، دەبێ بە هەموومانەوە کاری لەسەر بکەین. بۆ ئەوەی هەم خۆمان باوەڕ بێنین بەو واقێعیەتە، هەم لەنێو خەڵکەکەشمان ئەو کولتوورە سەقامگیر بکەین کە بەتەمای ئەوە نەبێ یان تەنیا چاوەڕێی ئەوە نەبێ پێشمەرگە بێ و ڕزگاری بکا. دەبێ خەڵك بۆ خۆی ببێتە خاوەنی خەبات. جڵەوی خەبات بەدەستەوە بگرێ. کە جڵەوی خەباتی بەدەستەوە گرت و بوو بە خاوەنی خەبات، ئەودەم ئامادەیە تێچووی بۆ بدات، ئامادەیە لە مەیداندا بێ، بەڵام ئەو خەڵکە پێویستی بە پەروەردە هەیە. پەروەردە کردنەکە لە تەشکیلاتی حیزبی دێموکراتدا قووڵ دەبێتەوە و دەچێتە نێو خەڵك. ئێمەین کە دەتوانین ئەو کولتوورە لە نێو خەڵکدا جێگیر بکەین کە بە جێگای ئەوەی تەنیا پێشمەرگە ڕزگاریدەر بێ، خەڵك بۆ خۆی دەبێتە ڕزگاریدەر.



مامۆستا "ڕەسووڵ ڕەش ئەحمەدی" ناسراو بە "هەڵوەدا"، ماڵئاوایی لە ژیان کرد. ناوبراو کەسایەتییەکی بەناوبانگ و خۆشەویستی خەڵکی ناوچەکە بوو.
هەڵوەدا سەرەڕای بەسۆزیی خامەی لە بواری شێعردا، کۆمەڵێکی بەرچاو چیرۆک و شانۆنامەی پێشکەش بە ئەدەبیات و زمانی کوردی کرد.
"شارۆچکەی شادی، خەزێنەی بزە، شکۆی ئەوین و بەرخۆلە"، لە بەرهەمەکانی ئەم تێکۆشەرە ئەدەبییە کوردە بە ئەژمار دێت. ناوبراو لە بەرهەمەکانی‌دا هەستێکی پاکی کوردانەی هەبووە و دڵسۆز و لایەنگری زمان و فەرهەنگی کوردی بوو.
ڕەسووڵ ڕەشئەحمەدی، لەدایکبووی ساڵی ١٣٣٤ی هەتاوی و مامۆستای خانەنشینی قۆناغی سەرەتایی بووە.
ئەم شاعێرە کوردە چەندین بەرهەمی دیکەی ئامادەی بڵاوکردنەوەیە کە بەهۆی نەبوونی هاوکاری نەیتوانیوە بڵاوی بکاتەوە.
تەرمی ئەو قوتابییەی مەکتەبی هەژار و هێمن، ڕۆژی سێ‌شەممە ٢٦ی ڕێبەندان، لە نێو ئاپۆڕای خەڵکی مەهاباد، بە خاک سپێردرا.

# کورتە چیرۆک



زیندانییەک و پاسەوانێک هەمیشە دوو خەونی جیاواز دەبینن
یەکەم خەون بە ئازادبوونەوە دەبینێ ... —
دووەمیش خەونێکی ترسناک دەبینێ! —
کە هەمیشە وەک کابووس دووبارە دەبێتەوە،
لە خەونیدا خۆی زیندانی کراوە و سزادراوە، چوونکە "یەکەم" دەرگای زیندانی شکاندووە و هەڵهاتووە!
واتە کەسی "یەکەم" لە زینداندایە،
بەڵام لە خەونیدا ئازادە،
هەرچی کەسی "دووەم" ئازادە،
بەڵام لە خەونیدا زیندانییە!
ئەم چیرۆکە هاوکێشەی پەیوەندیی نێوان گەل و دەسەڵاتی ستەمکار پوخت دەکاتەوە،
گەلان هەمیشە خەون بە شۆڕش و ئازادبوونەوە دەبینن،
دەسەڵاتدارانیش هەمیشە کابووسی شۆڕش ڕاویان دەنێ و زیندانییان دەکا..!

شێرزاد حەسەن

نا

شرۆڤە




بۆ شەهید شۆڕش منبەری .
شەهیدی ڕاسان

با وارۆ ،وەروەی ونینە
کێ دیەنش خەمی چینە؟
هەلسۆ چەمەکام تکارە
نییەر، سەرتاسەر تەمیارە
مێمانوو مەرگیا دڵم
ئەی هاوار تاکەی زوڵم
جە ئێمەش کەرڎێ، گەردوونی
هۆرخێزیا، ئاییروو دەروونی
کاکە گیان وەسێن، ئیتر بۆرێ
با کۆرپە وەرمش گنۆ پۆرێ

ئۆمید لەهۆنی

KURDISTAN

Organ of the Central Committee of Democratic Party of Iranian Kurdistan No: 695 18 feb 2017

ڕۆژنامەی «کوردستان» و ماڵپەڕەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران
لە تۆڕی جیهانیی ئینتێرنێتدا:

www.kurdistanmedia.com http://www.pdki.org
info@kurdistanmedia.com pdkiran@club-internet.fr

telegram.me/PDKImedia

# بەند و سێدارە، تاقە دەسکەوتی کوردە لە ئێراندا









لە درێژەی دەستبەسەر کردنی هاووڵاتیانی کورد لە شارەکانی کوردستانی ئێران، هێزە ئەمنیەتییەکانی ڕێژیمی ئێران، لە شاری کامیاران سێ هاووڵاتییان دەستبەسەر کرد و بۆ شوێنێکی نادیار ڕایانگواستن.

ڕۆژی یەکشەممە، ١٧ی ڕێبەندان، ساسان بابایی، مامۆستا و چالاکی مەدەنی لە شاری کامیاران لە لایەن هێزە ئەمنیەتییەکانی ئەو شارەوە دەستبەسەر کرا و بۆ شوێنێکی نادیار ڕاگوێزرا.

تۆڕی مافی مرۆڤی کوردستان لەو بارەیەوە بڵاوی کردەوە، هێزە ئەمنیەتییەکان هەر لەو ڕۆژەدا کاوە موڕادی یەکێک لە فەرمانبەرانی ئیدارەی ئاگرکوژێنەوەی شاری کامیاران و وەرزشوانی خەڵکی ئەو شارەیان دەستبەسەر کرد. بەپێی هەواڵی ئەو سەرچاوەیە، هاووڵاتییەکی دیکەی کورد لە شاری کامیاران بە ناوی ئومید کەمانگر کە نزیکایەتی لەگەڵ ساسان بابایی هەیە، لەلایەن ئیدارەی ئیتلاعاتەوە دەستبەسەر و لە شوێنی ڕاگرتنی ناوبراو هیچ زانیارییەک لەبەردەستدا نیە. بنەماڵەی دەستبەسەرکراوەکان بۆ ئاگاداربوون لە چارەنووسی کوڕەکانیان چەند جارێک سەردانی ئیدارەی ئیتلاعاتی شاری کامیارانیان کردووە و هەتا ئێستا هیچ زانیارییەک لە مەڕ هۆکاری دەستبەسەر کردنی ئەو سێ هاووڵاتییە کوردە لەبەردەستدا نیە.

ساسان بابایی مامۆستا و یەکێک لە دامەزرێنەرانی ئەنجومەنی شاخەوانی و چالاکی مەدەنی شاری کامیاران، پێشتر لە ساڵی ٨٥ی هەتاوی لەلایەن هێزە ئیتلاعاتییەکانەوە دەستبەسەر کراوە و پاش دوو مانگ لە ڕاگرتنی لە ژووری تاکەکەسیی ستادی خەبەریی ئیتلاعاتی شاری سنە، بۆ زیندانی ناوەندیی ئەو شارە گوێزرایەوە.

ئەو مامۆستا کوردە لەلایەن دادگای ئینقلابی شاری سنەوە بە تۆمەتی "هەوڵدان دژی تەناهی نەتەوەیی" پێنج ساڵ زیندانی بەسەردا سەپێندراوە. ساسان بابایی پاش تێپەڕاندنی سێ ساڵ و نیو لە ماوەی زیندانەکەی، ئازاد کرا و دواتر لەلایەن هەیئەتی سەرپێچییەکانی وەزارەتی پەروەردە و بارهێنان، سێ ساڵ دوور خرانەوە بۆ شاری سمنانی بەسەردا سەپێندرا.

هەروەها لە شاری سەقزیش، دادگای ئینقلابی ئەو شارە، حوکمی زیندانی بۆ دوو هاووڵاتیی کوردی خەڵکی ئەو شارە بڕییەوە.

دادگای ئینقلابی شاری سەقز دوو هاووڵاتی بە ناوەکانی "ناسر ڕەحیمی" و "هێمن حوسێنی" بە شەش مانگ زیندانی تەعزیری مەحکووم کردووە. دادگای شۆڕشی شاری سەقز بۆ دوو کەس لە چالاکانی تێلێگرامی، کە بە پێی حوکمی دەرچوو بە وەڕێخستنی گرووپ و کاناڵ بە قازانجی گرووپەکانی دژبەری ڕێژیمی ئێران بانگەشەیان کردووە، سزای زیندانی بڕیوەتەوە.

ئەو بڕیارە لەلایەن لقی یەکی دادگای ئینقلابی شاری سەقزەوە دەرچووە.

شایانی باسە یەکێکی دیکە لە چالاکانی تێلیگرامی بە ناوی "هیوا دەستباز" کە پێشتر لە ڕێکەوتی ٢٥ی خەرمانان دەستبەسەر کرابوو، هێشتا لە ژێر لێکۆڵینەوەدایە.

هیوا دەستباز بە دانی بڕی ١٦٥ میلیۆن تمەن لە ڕێکەوتی ٣ی خەزەڵوەری ئەمساڵ، لە گرتووخانەی شاری سەقز بە شێوەی کاتی ئازاد کرا.

لە درێژەی دەستبەسەرکردنەکاندا، پاش بڕینەوەی حوکمی قورس بۆ حەوت هاووڵاتیی خەڵکی شاری شنۆ، چوار هاووڵاتیی دیکەی خەڵکی ئەو شارەش زیندانی درێژماوەیان بەسەردا سەپاوە. لقی یەکی دادگای ئینقلابی شاری ورمێ لە حوکمێکدا چوار هاووڵاتیی خەڵکی شاری شنۆ، ٧٦ ساڵ زیندانی تەعزیرییان بەسەردا سەپاوە.

بەپێی ئەو بڕیارە، فەتاح پوورئەحمەد بە ٢٢ ساڵ زیندان، جەلال مەحموودی ٢٢ ساڵ زیندان، لوقمان ئەمینی ١٦ ساڵ زیندان و لوقمان عەزیزی ١٦ ساڵ زیندانیان بەسەردا سەپاوە. سەرچاوەیەکی باوەڕپێکراو لە دادگای شاری ورمێ، ڕایگەیاندووە کە؛ دادگای ئینقلابی شاری ورمێ ئەو چوار هاووڵاتییە کوردەی بە تۆمەتی "ئەندامبوون و هاوکاری لەگەڵ یەکێک لە حیزبە کوردییەکانی دژبەری ڕێژیمی ئێران" مەحکووم کردووە.

مانگی پووشپەڕی ئەمساڵ، فەتاح پوورمحەممەد و لوقمان ئەمینی خەڵکی گوندی"چواربۆت"ی ناوچەی نەڵۆس، لوقمان عەزیزی و جەلال مەحموودی خەڵکی شنۆ، لەلایەن هێزەکانی ئیتلاعاتەوە دەستبەسەر کران.

دواتر ئەو چوار هاووڵاتییە کوردە بە دانی بارمتەی ٢٠٠ میلیۆن تمەنی هەتا کاتی بەڕێوەچوونی دادگا، بەشێوەی کاتی ئازاد کران. بڕینەوەی حوکمی ئەو چوار هاووڵاتییە بە ئامادەبوونی خۆیان بووە و هەروەها هەتا ماوەی ٢٠ ڕۆژی دیکە دەتوانن ناڕەزایەتیی خۆیان سەبارەت بەو حوکمە دەرببڕن.

سەرەتای مانگی ڕێبەندانی ئەمساڵ، دەزگای قەزایی ڕێژیمی ئێران لە شاری ورمێ، هاووڵاتییەکی خەڵکی شاری شنۆی بە ئێعدام و شەش هاووڵاتیی دیکەشی، زیندانی درێژماوەیان بەسەردا سەپاوە. شوناسی ئەو هاووڵاتییانە و سزای سەپێندراو بەسەریاندا لەلایەن دادگای ئینقلابی شاری ورمێوە، بەم شێوەیە:

١-هیدایەت عەبدوڵلاپوور، ئێعدام
٢-حاسڵ عەزیزی، ٢٥ ساڵ زیندان
٣-محەممەد زاهێد فەرامەرزی، ٢٠ ساڵ زیندان
٤-یەعقوب بائێکرام، ١٥ ساڵ زیندان
٥-جەلال مەسروورى، ١٥ سال زیندان
٦-کەمال مەسروورى، ١١سال زیندان
٧- سدیق بائێکرام، ١٠ ساڵ زیندان
ئەو حەوت هاووڵاتییە کوردە خەڵکی گوندی "قەرەسەقل"ی سەر بە شاری شنۆن.

ڕێکخراوی مافی مرۆڤی ئێران بڵاوی کردووەتەوە کە؛ "دادگای شۆڕشی شاری ورمێ بۆ حەوت کەس لە دەستبەسەر کراوانی شاری شنۆ، سزای قورسی وەک سێدارەی بڕیوەتەوە" و سەبارەت بەم حوکمە ناڕەزایەتی و نیگەرانیی دەربڕیوە.

پێشتریش، ٥ هاووڵاتیی دیکەی کورد بە تۆمەتی "ئەندامبوون و لایەنگری لە یەکێک لە حیزبە کوردەییەکانی دژبەری ڕێژیمی ئێران" لەلایەن لقی ١٠١ی دادگای کەیفەریی دووی شاری شنۆ، بە چەندین تۆمەتی جۆراوجۆر و بە سازکردنی دۆسیەی بێبنەما لەلایەن ناوەندە ئەمنیەتییەکانی ڕێژیمەوە، دەیان ساڵ زیندانیان بەسەردا سەپاوە.

لە ڕێکەوتی ٢٦ی جۆزەردانی ساڵی ١٣٩٥ی هەتاوی، تێکهەڵچوونێک لە نێوان هێزەکانی پێشمەرگەی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و هێزەکانی بنکەی "هەمزە"ی سەر بە سپای پاسدارانی ڕێژیمی ئێران، لە گۆندێکی سەر سنووری شاری شنۆ بە ناوی "قەرەسەقەل" هاتەئارا، کە لەم تێکهەڵچوونەدا ژمارەیەکی زۆر لە هێزەکانی ڕێژیمی ئێران کوژران و ژمارەیەکیش لە پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکرات شەهید بوون و گیانیان بەخت کرد.

دادگای شۆڕشی شاری ورمێ لە درێژەی سازکردنی دۆسییەی ناڕەوا بۆ هاوڵاتییان و چالاکانی سیاسی و مەدەنی، تۆمەتی هاوکاری کردن و بەشداریی ناوبراوانی لەو شەڕەدای خستۆتە پاڵیان و بەو بۆنەوە سزای قورسی بەسەردا سەپاندوون.

سەرچاوەیەکی نزیک لە هاووڵاتیی زیندانیکراو "هیدایەت عەبدوڵلاپوور" لە وتووێژ لەگەڵ ڕێکخراوی مافی مرۆڤ لە ئێران ڕایگەیاندووەکە: "هیدایەت عەبدوڵلاپوور، هیچ ڕۆڵێکی لە شەڕی قەرەسەقەلدا نەبووە، بەڵام حووکمی ئیعدامی بەسەردا سەپاوە".

ئەو زیندانییە پاش گواستنەوەی بۆ ژووری تاکەکەسی، مانی لە خواردن گرتووە.

هەروەها، حووکمی ئەم حەوت کەسە بەبێ ئامادەبوونی پارێزەر لەسەریان دراوە.

پاش تێکهەڵچوون لە نێوان پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکرات و هێزە داگیرکەرەکانی کوردستان، ڕێژیمی ئێران گوشاری خستووەتە سەر خەڵکی ناوچە جۆراوجۆرەکانی کۆردستان و بە بیانووی بێبنەما دەستبەسەریان دەکات و حوکمی قورسیان بەسەردا دەسەپێنێت.

شایانی باسە کە دەربڕینی هەرچەشنە ناڕەزایەتی و ڕەخنە گرتنێک لە دەسەڵاتی دیکتاتۆری ڕێژیمی ئیسلامیی ئێران، لەو وڵاتەدا بە توندترین شێوە وەڵام دەدرێتەوە و چالاکانی سیاسی و مەدەنی، کۆمەڵایەتی و کولتووری، دەرەتانی هەرچەشنە چالاکییەکیان لێ زەوت دەکرێت و بە گشتی کەشی ترس و تۆقاندن و خەفەقان، بەسەر وڵاتی ئێراندا زاڵە. گرتن و ئەشکەنجە و سێدارە وەڵامی ڕێژیمە بۆ ڕەخنەگرانی.